شیعر

# دوو تێکست بۆ ئەنفال

تەهاسلێمان

٢٠١٣

*ناوی کتێب: حیکایەتەکانی ئەنفال

*بابەت: شیعر

*نوسینی: تەها سلێمان

*تایپ: نوسەر

*دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك: هێرش مغدید

* نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم

*چاپ:


*تیراژ: ١٠٠٠ دانه

*ژمارەی سپاردن(٢٦٤)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

# پێشەکی

ئەم دوو تێکستە (حیکایەتەکانی ئەنفال، سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون) لە دوو کاتی جیاوازدا نووسراون و چاپ وبلآو کرانەوە. بە داخەوە لە کاتی خۆی هەڵەی زۆر لە چاپ و بلآوکردنەوەیاندا، رووی داو لە هەندێ شوێن و جێگا، ناوەڕۆک و ماناشی گۆڕی. پاش پێداچوونەوەو چاکردنەوەیان، وا بە هیمەتی دڵسۆزانی ئەنفال، بەم شێوەیە کەوتە بەردەستی خوێنەران.

نووسەر



# حیکایەتەکانی

# حیکایەتەکانی

# ئەنفال

## بەزام و حیکایەتی پڕلە ئێشی ئەنفال.... پێشکەشە

سەردارعەبدولا/سلێمانی

لە دواییدا ئەنفال کورت کرایەوە بۆ چەند ژمارەیەکی بێ گیان، وبەتاڵ لە مەعنا..لە دوا پلەی بەرجەستە بوونیدا ئەنفال بوو بە ١٨٢٠٠٠ هەزار مرۆڤی بێ سەروشوێن وچوارپێنج هەزار گوندی وێران کراو.ئەم قەوانەش هێندەمان لێدایەوە رۆحی دەربڕینمان لە بەر بڕی ومراندمان...لە(حیکایەتەکانی ئەنفالدا) (تەها) پێمان دەڵێ ئێوە درۆ دەکەن، ئەنفال ئەو قەوانە سواوە بێ رۆحە نییە. بە سەر ئەو راستییە ترسناکەدا راماندەچەڵەکێنێت کە هێشتا نەمانزانیوە چییە.چونکە (خودایە چەند فەقیر بوین..، قومێك ئاو نەبوو بیخۆینەوەو، سێبەرێك نەبوو لە پاڵیا حیکایەتەکانی ئەنفال تەفسیر کەین) تەها راست دەکات (هەموو لەحزەیەك ئەنفال دەبێتە میوانێکی ناوەختی بێ ئۆقرەی رۆحی) هەر بۆیە شێوازێك بوارێك بۆنەیەك لە دەست نادات بێ ئەوەی برینە بە سوییەکانی ئەنفالی تا

سەر ئێسقان ئازار تێدا نەکولێنێتەوە. دواکتێیی تەها لەم بوارەدا (پەراوێزی ئەنفال) و ئەمجارەیان پێمان دەڵێ کە دەتوانێت بچێتە ناو دوو توێی برینەکانمانەوەو حیکایەتەکانی ئەنفالمان بۆ بگێڕێتەوە، دڵنیام ئەمە دوا قسەشی نابێت.. من وەك پێشمەرگەیەك لە ناو چرکە چرکەی سوتان و قرچە قرچ وسوتانی ئەنفالدا ژیام یان مردم..، بەلاّم(لە ئەنفالدا زاکیرەمان خیانەتی لێکردین) بۆیە هەر چەندەم هەوڵدا نەمتوانی بۆ یەك چرکە ساتیش تێبگەم کە ئەنفال چی بوو؟ تەنها بۆ یەکجار لە ژیانمدا هەمان چرکە ساتی ئەنفال هەموو رۆحی بڕ لە خوێن وقیژەو دووکەڵی خۆیەوە لەلام بەرجەستەبویەوە، ئەویش ئەو جارە بوو کە شانۆگەری ( لە عەرعەرەوە )ی شاعیری گەورە قوبادی جەلی زادەم بینی، کەچی من چرکە چرکە لە ناو هەڵقرچانی خوێنی ئەنفالدا سوتام بەلاّم تا (حیکایەتەکانی ئەنفال) م نەخوێندەوە نەمزانی ئەو ژمارە گەورانەی باسی ئەنفالیان پێدەکەین چەند درۆیەکی بێ دەسەلاّتانە بوو.. ئەم حیکایەتانە باسی ئەو چرکەساتە کارەساتاویە دەکەن کە (بەرد هاتە قسەو ئێمە نەمانپەرژا ماڵئاوایی لێبکەین) باسی سوتانی مردنەکانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕنەوە کە (جرجێك بوو بە سوڵتانی بێ رەعیەتی نیشتمان) لە دواییشدا پێمان دەڵێت: ئەنفال شایەتەکانی خۆی لە سەر تەختەی جۆلانەی مناڵەکانمان هەڵکۆڵی. هەر بۆیە دەبێ تەختە رەشەکان بسڕینەوەو سەر لەنوێ لە گەل حیکایەتەکانی ئەنفالدا تێ هەڵچینەوە.

سلێمانی/سەرەتای ٢٠٠٣

## بۆ تەها سلێمان

ئـەنفال زینـدووترین برینـی کـوردە. چـونکە هـەر بەبـەر چـاوی لاموبالات وگویَ نەدانی دونیاوە، بەبـەر چـاوی وەحـشیانەو دڕنـدەیی دوژمـنەوە، بەبـەر چـاوی بـێ بەرنامـەیی خۆمانـەوە ١٨٢٠٠٠ هـەزار ئینسانی کورد ، لە ژن ومـنالْ وپیرو گەنجی کورد دیار نەمان یان ئـاوا بـوون..ئەمـەش حالـّەتێکی نائاسـاییە بـە قـەدەر نائاسـایی ڕووداوەکە.ئەنفال کراوان مرۆڤ بـوون وەلێ ئـاوابوون ودیـار نـەمان تـا قولاّیی ناخ ون بوون، کە ئەمـەش حالّەتی ئاسایی لە ناوچـونی مـرۆڤ نییە کە مردنە.نازانم.. ئیتر چۆن لە ولاّتێکـدا لـە بـەهاردا چـاوەڕوانی گـولْ ولـە زسـتاندا چـاوەڕوانی بـەفرو لـە پـاییزدا گـەلاّڕێزان و لـە هاویندا چـاوەڕوانی هـەتاو بکـەین کـە مرۆڤـی تیـا ئـاوا دەبـێ نـەك مانگ.

تەها سلێمان قەڵەمێکی بە ویقاری ئەو کێشەیەیە بـە نوسـین و بـە شیعر، جیاوازی ئەم قەڵەمە و قەڵەمەکانی تـر تـەنها شوشـەیەکە کـە

ئەم لەم دیوەو ئەوانی تر لە دیوی ناوەوەین، کاتیَ باس لـە کولانـەوەی برینی پیرێك دەکات، باس لە نوێژی بە پەلەو پـێش کۆچـی پیرەژنێـك دەکات، باسی داپیرەو با پیرەی خۆی دەکات.

هاوڕێم تەها گیان رەنگـە هێنـدەت بـەس بێـت کـە پیرەمێردێکـی خوێندەواری گەرمیانی لە باسی تۆدا وتبوی ( ئەم کـوڕە دەسـتی لـە سـەر برینـەکان دادەنـیَ و زۆر راسـتەوخۆو راسـتگۆیانە باسـیان دەکات).

عیسا چیایی/دەربەندیخان

# ئاوه سپی،(۱)

**له دەروازەی ماڵی گەورەی خۆیدا**
**وای نووسیبوو:**
**کەی دێنەوە؟**
**وەکاشە،(۲)**
**ئاوای گێڕبووەوە:**
**بێوارترین کەسم و**
**شك نابەم کەسێ تەنیایم بدوێنێ..**
**سەنگە سار(۳)بەڕێبوارێکی وتبوو:**
**بەبیانی لم بلێن..**
**با ئێسك و پروسکی کەسەکانم،**

ئامانەت بێ لای ئەو..
مەلا یەك جبەو مێزەرەکەی فڕی داو وتی:
قورعانەکەم وای پێوتم..
تەماشا،
ئەو داپیرە چۆن یاخەی مانگە شەوی دادڕی و
دەڵێ:
کوا تریقەی پێکەنینی کچە گەردن بلورییەکانم..
سەیری ئەو منالە بکە سەری خستوەتە نێوان هەرتك،
ئەژنۆیی و لە بەر خۆیەوە ئەڵێ:
ڕەنگی پێستی باوکم،
لمی،
یان،
خۆڵین،
بوو؟
بنوارە ئەو کلاو کوڕەیە..
ئەو ساو ئێستاش وێڵە بەدوای دیتنەوەی بێچوکانیدا.
کانیەك دوای ئەنفال،
هەنووکەش نەیتوانی چاوی بە سورمەی باڵی پەپوولەو
گیا نەعنا،
بڕێژێ و
پەلەوەرێك،

تیراو
بکا..!!
گوێیگرە ئەو بەردەچی دەگێڕێتەوە:
کە چەکمە لە پێکان هاتن..
بێدەنگی منیان هێنایە قسەو
ئەوان:
چ جوانی بوو ئەنفالیان کرد..
بێشکەی منالأنیان پڕ کرد لە بارووت..
ریشی سپی پیاوە نورانیەکانیان،
هەڵکێشا..
مەمکدانی کچە عازەبەکانیان پڕ کرد لە،
لیك..
فەنەرییان لە سەر زاری مردوەکانمان،
دانا...
لە تارای سپی زاواو بووکێکا،
دوو پشك بوون و
هاتن:
تەماشا،
چی ئنیسان،
بوو،
بردییانن..

لە بەر کۆڵی عەسرە چای گوندییەکاندا،
ڕەگی ئەنفالیان داچاند..
گۆرانی کوختی یەکانیان خنکاند..
دەستیان خستە بینە قاقای هۆ هۆی سەپانێك و
تاساندییان..
بۆنی مەرگیان داباران و
دڵی سۆزی شمشاڵێکیان شکاند..
لە وێوە،
بەسەر پردی سیراتی بە ئەنفال چنراودا،
پەڕێبوونەوە..
دەنکووکی چی،
پەلەوربوو،
بە،
چەقۆ بڕییان..
نەبادا،
سەر بوردەی حیکایەتی ئەنفال بگێڕنەوە..
لە وێوە،
خوا،
قورعان،
پێغەمبەریشیان،
فریودا..

لەسەر پشتی هەموو درەختەکان،
ئەنفالیان هەڵکۆڵی..
بۆ هەوەڵین جار،
با-
بە نەزاهەتی خۆی لەگەڵ کردین..
کەبۆنی تورەکەیەك ئێسك و پروسکی،
بۆ هێنایینەوە..
لە،
بۆنی،
ڕەنگی،
-با —دا،
نوسرابوو:
حەیرانێك بەکوڵ دەگری..
قەتار ئەلاٚوەیسی یەك ئەنفال کرا..
هۆرەیەك هەموو ڕێتمەکانی لێ تێك چوو بوو..
ئایی کە چەن بێکەس بووین و
چۆن شکاین.
ئایی کە چەن بێوار بووین و
چۆن ئەنفال کراین..
نە خوا بەحیکمەتی خۆی لە گەڵ کردین و
نە پێغەمبەرێك بەیداغی سپی بۆ هەڵکردین..

وەرە،
دانیشە،
تەماشا:
کە ئاسمان شکاو وەحی ناردە سەر زەوی..
تیایدا بۆ ئێمە،
ئەنفال ماڵێك بوو لە زنهار..
بە خەتە بزماریەکانی جەهل نوسرابوو..
لە نوکی شمشێرەکەی عومەرەوە دەتکا..
بە عەبا بەسەرەکانی دوورگەی خوێن سپێر رابوو..
لە،
شکانی،
ئاسمانا ئەنفال دەبارێ و
لە بارینی ئەنفالا،
ئۆمەتێك دەمرێ..
لە درزی شکانی،
ئاسمانا،
لەنامەی پەیامبەرێك نوسرابوو:
ئەنفال،
بە،
کزە کزی مناڵێکەوە،
بخۆن..

ئەنفال،
بە لە ناو،
بردنی،
ئۆمەتێکەوە،
پێناس،
بکەن..
ئەنفال لە فەرزەکانی ئێمەیەو
سونەتەکان ڕەد دەکاتەوە..
لەوەرزی کێومالّ کردنەکانیدا،
جێ بۆ بالّدارێکی تەریویش ناکاتەوە..
ئەو،
ئەنفال،
کە هات:
کوێرە کانیەك نەما بۆ جێ ژوان
کەلّەکێك نەما بۆ گوێگرتن لە گۆرانیەکانی دێ..
سێبەری سەکۆیەکی ئێواران نەما،
بۆ خواردنەوەی دشلەمەیەکی تر..
پیاوێکی نورانی نەما،
بۆ گێڕانەوەی سەر بووردەی ڕووداوەکان..
دیوەخانێك نەما،
کانیەك نەما،

تاقسەو باسی عاشقەکانمان لەخۆ بگرێ..
قوتابخانەیەك نەما،
تاتیایدا منالاان بنوسن:
دارا دوو داری دی لەسەری ئەنفال هەڵکۆڵرا بوو..
ئەنفال،
کل و کلدانی،
کچە عازەبەکانی دزی
ئەنفال
ڕۆحیانەتی پاکی،
لاله ئەحەی دزی[٤]
ئەنفال
کێلی گۆڕەکەی،
دەروێش عیسای شکان و[٥]
کەرەدانەکی سەید دولبەری لەوتاند[٦]
ئەنفال
دڵی گەورەی ،
مەلا ڕەحمانی ڕەنجاند،[٧]

پێی ووت:
هیچ شتێ بەخولّق تەنگیتا ناگا..
ئەنفال،
مەلا وەهابی،[8]
بێ چارە کردو
پێی ووت:
ئیتر ناتوانی فەرزی نوێژەکانت ئاداکەی..
ئەنفال،
بە نامیقی پیرە مەوەنی ووت:[9]
ئیدی ناتوانی لە دەروازەی ئاوە سپی دا،
ئۆ هۆ لە گەلەمێکەت بکەی..
نامیق،
بە،
عەزرەتی،
مەڕەکانیەوە،
مرد..
نامیق،
بە،
ئەنفالی،

ووت:

ئەویٚ ڕۆژ تۆم ناسی کە پێیان ووتم شێت و وێت..

ئەنفال،

باخچەکانی،

پڕ،

کرد ،

لە،

چەقۆ..

ئەنفال،

بۆیەی قەیرە ژنەکانمانی سوتان..

ئەنفال،

بە گریانەکانمان پێدەکەنیٚ..

بەتازەشاری[10] ووت:

دواین بەرەنگاریتەو ئیتر تەواو..

خودایە چیت کرد؟

بۆچی لەشکانی ئاسمانا ئەنفالت داباران؟

خودایە،

ئەنفال،

بۆ،

با خەڵی،
خۆت و
پەیامبەرەکانت،
بەرەوە،
خودایە،
((انا،
انزلنا،
قرانا،
عربیا،
لعلکم،
تعقلون بی))،
بدە بە،
ئۆمەتێکی عاقڵ و
با ئەم هەموو ئەنفالە بەس بێ..
ئەنفال،
دەسە،
خوردی،
گاوە سەکەی
"زەریف"[11]ی

شکان و
قسه،و
گفتوگۆ،
گەرمەکانی،
(وەهاب حکیم)[12]ی،
دزی..
ئەنفال تالآنی کردین..
ئەنفال تینووی کردین..
زمانی لە گۆ خستین و
جەللەی پێشۆکەکانی بەر پشتێنمانی دزی..
سەلکی هەڵە کۆکەکانی پێ تفاندینەوە..
تەماشا،
کە ئەنفال دێ..،
ڕێی باوانمان لێ تێك دەچێ..
کە ئەنفال هات..،
بەهەمووانی ووت:
ئەنفال لەمنەوە بۆ ئێوەیە..
ئەنفال ئاسمانی فریودا،
کە لەکاتی شکانا لێی کەوتە خوارێ..

-

ئەو،

ئەنفال،

لەبەردەم،

ماڵی،

پەڕە سێلکەیەکدا،

جاڕی،

ڕەوکردنی،

دا..

ئەنفال،

تێزاب بوو ڕژایە نێو دەروونمانەوە..

ئەنفال،

قەفەسی تەنیایی بوو تێی ئاخنراین..

لەوەرزی،

بارینی،

ئەنفالا،

تاڵ تاڵی مووی چەناگەمان وەری..

ئەنفال،

ڕۆحی،

پارچە،

کردین،و

وردە،

شووشەی،
خستە،
توێی،
نازە،و
نا خوێنمان..
ئەنفال بەتاڵی کردینەوە لە خۆشەویستی..
پڕی کردین لەبێ هودەیی..
خەزێمەی بوکێنی دایکمی دزی و
مردووەکانمانی مراندەوە..
خەونەکانی بەتاڵ کردینەوە..
خەونمان دەبینی..
لەخەونمانا،
منالێك،
وای،
بۆ،
گێڕانەوەی،
ئەنفال،
لێکی ترازاندین و
کۆژەکەکانی بەر توێڵمانی وردو خاش کرد..

شیروان[13]-ووتی:
چەرمی،
سەری،
پۆلێك،
مرۆڤی،
ئەنفال،
کراو،
لاکێشەی هەواڵەکانیش نەیگرتنەخۆ..
شیروان،
بە،
هاورێ،
کەی،
ووت،
با،
بیڕەدا،
نەڕۆین،
بۆنی دووکەڵی لێ دێ..
ئاتیلا[14]،
بە دەزگیرانەکەی،

ووت،
کچی نورانی،
ترین پیاو،
وەرە،
مەرۆ با بۆ مێژوو،
ماڵی چێ کەین لە حیکایەتەکانی ئەنفال..
کوڕەکەی (ڕەشید خەلیفە)[١٥] ووتی:
خەونم دیوە،
شمشاڵەکەم،
دەشکێ..
لە شکانی شمشاڵەکەمدا،
خوشکە قەیرەکانم،
بە کەسەری جێ کردنی ماڵەوە،
سەر دەنێنەوە..
لەشکانی شمشاڵەکەمدا،
مەڕێکی پەرم،
بزر دەبێ..
لە شکانی شمشاڵەکەمدا،
تیژە[١٦]-مردو..

چیمەن[17]- گۆڕ غەریب بوو..
ئەنفال،
مەسینەکەی لالە حمە جانی[18]شکاند..
ئەنفال،
تارمایی ڕەشبەڵەکێکی کردە واوەیلێ..
ئەنفال،
شەوارۆی بە شوانێکی حەنین کرد..
ئەنفال،
ڕەنگەکانی لێ پاش و پێش کردین..
ئەنفال،
بۆ هەتایە لێکی ترازاندین..
لە دابا رینی ئەنفالا،
دایکم منالێکی بوو ناوی نا:
ئە،
ن،
فا،
ل..
خوشکەکەم کراسی یەکەمین بوکێنی دڕی و
درەنگانێ لە ماڵ چووە دەرو

نەماندیتەوە..
فانۆسی ماڵەکەمان کوژایەوە
سەگە بەوەفاکەی باپیرم،
لە حەپەحەپ کەوت...
جەلادێك باسکی تاقانە کچێکی گرت و
نەوسنانە،
تێی ئەڕوانی،..
بەهاریان[١٩]"بە کچێنی بردو
بە ڕەوێك،
منالّی بیّ باوکەوە،
هاتەوە..
ئەوان بەتالّ بوونەوە لە ئینسانیەت..
ئێمە،
بەتالّ،
بوینەوە،
لە،
ورە..
ئەوان پڕ بوون لە چلێسی..
ئێمە،

بەتاڵ،

کراینەوە،

لە عەشق..

ئەوان پڕبوون لە قاقا..

ئێمە،

بەتاڵ،

بوینەوە،

لە،

شەو چەرەی،

دێ..

ئەو دەمەی ئەنفال لەگەڵ شکانی ئاسمانا دزەی کردو

دابەزییە سەر زەوی..

شینایی ئاسمان ڕەش داگەڕاو

بۆنی بخورێ کەوتە نێو دوامالّی تەنیایی..

ئەنفال،

لەسەر دەستی منالێك،

پەساپۆرتی خۆی هەڵکۆڵی و

لە تەویڵی ئافرەتێکی نوسی:

بۆ فرۆشتن..

لەسەر گۆڕێك نوسی:

بۆ بەردەوام بوون لەسەر مەشقی ئەنفال..

لەسەر کولانەی مریشکێك نوسی:
بۆ سەرپەرشتیارانی تاعوونی ئەنفال..
لەسەر بوخچەی ئافرەتێك نوسی:
بۆ ژنی سوڵتان..
ئەنفال،
دەمی پڕ کردین لە دووکەڵ و
قەپی کرد بە زمانمانا.. و
لەسەر بەرماڵی مزگەوتەکان نوسی:
بۆ عیبادەتی ئەنفال..
لەگەڵ هاتنیدا،
سەوزەی [20]"کوڕەزاکەی فەرەجی بۆ دۆزەخی لم ڕاپێچ کردو
جاجمی،
خەزانی،
بەسەردا،
داین..
چاوی گشتمانی بە شمشێرەکانی دوورگەی مەرگ تەقان..
ئەنفال،
دڵی گشتمانی دایە دەست کێردەکانی جەلادو

جەلادیش قەبارەی غەزاکانی خۆی خۆی پیێ زیادکرد..
پڕبووین لە ئەنفال،
بەتاڵ بووین لە ئومێد..
پڕبووین لە ئەنفال..
بەتاڵ بووینەوە لە خەون..
پڕبووین لە ئەنفال..
بەتاڵ بووین لە بەهار..
ئەنفال،
مەرگ دۆستانە هات و
قوڕقوڕاگەی قوڕە ژیلکەمانی دەرهێنا..
ئیتر لەوێوە کات و ساتی داهاتنی بەهارمان بیرچووەوە..
حمە جانی ئەنفال،
ئەو...
ئێستاش شۆفێرەکان هۆشدار دەکاتەوە،
لە ئەنفال..
حمە جان،
ڕۆشتنەوەی بۆبنەی خەپە کوێر ئیزنداو
پێی ووت:
ئیتر من و تۆ ناتوانین،
پێکەوە بژین..
ئەو..

دەڵێ:
لەوێدا مەسینەکەمیان شکاند..
لەوێداماڵەکەمیان خاپور کرد..
لەوێدا،
ئاتیلا،
و،
فاتمەی،
یان،
لە،
یەك،
کردو
لەوێدا،
بە بەرچاوی خواوە ئەنفالیانکردین..
لەوێدا جاڕیان دا بمرین..
مردن بە ئازارەوەو
ئازار بە ئەنفالەوە..
وە هەرتکیان بەسوێی برینی کەسەکانمانەوە..
حمە جان دەڵێ:
دەڕۆم بۆ خەڵوەتی بێدەنگی..
لە بێئۆقرەیی ڕۆحما،
گوێ بۆ حیکایەتەکانی بێکەسیم ڕادەخەم..

**لە حیکایەتەکانی بێکەسیما،**
**ئەنفال سەری سۆراخی سەخڵەتیم دەخوا..**
**لەوێندەری بێکەسیما،**
**شتێ هەیە بە ئاوی زێڕ لە لاپەڕەی مێژووی جەهلا،**
**نوسراوەتەوە...**
**لەیەکەم لاپەڕەی زەردەوە بووی مێژووی جەهلا،**
**مەلۆتکەیەکی بێ کفن و گۆڕ،**
**یەخەمان ڕادەوەشێنێ و**
**سنجاق دەکا بەزمانمانا..**
**ئافرەتێك بە کراسێکی کودەری ڕەشەوە،**
**بێکەسی حیکایەتەکانی بێدەنگیمانی دەدواند..**
**پیاوێکی نورانی،**
**بەڕیش و پرچێکی سپی چوون بەفرەوە،**
**پاڕایەوە،**
**بۆ ئەوەی،**
**هەواڵی،**
**تاقانە،**
**کچەکەی،**
**پێ بڵێن..**

لەدەفتەری یادگاری بازۆکەدا[21] نوسرابوو:
تەنانەت:
گوێ درێژەکانیش بەبێکەسی ئەنفالکردنمانیان،
دەزانی..
ئەوێ دەم بوو،
چەوری[22] بەبازۆکەی ووت:
بڕۆ با ئەنفال نەتکا بە ڕەژوو..
بڕۆ با ئەنفال فریوت نەدا..
ئەنفال،
تاریقی[23] خستە کۆشی جاجمێکی ڕەش و
بە بێکەسی سپارد..
وەرە،
دانیشە،
تەماشا،
ڕیزێك جەللاد،
(غوصل) لە کانیەکەی وەلی[24] دەکەن و
پێی دەڵێن:

برۆ تەرمەکەی لالە ئەحە بکە بەژێر گڵەوە..
دەستەیەك سەرباز،
بەبڕیاری جەللاد،
ئافرەتێکیان،
ئیغتساب،
کردو
بەهەورییەکەی ملی خنکاندیان..
ئافرەتێك،
بەدەم ڕێوە،
منالە تازە بووەکەی
فڕێدایە،
نێو،
گەنمە،
قەناریەکان و
ووتی:
مەرگ بۆتۆ عەزیزی من..
بێ سەرو شوێنی بۆ دایکت باوانم..
ڕەوێك،
کوڕ کوڕ،
بەتەئەسوفەوە،
چوونە بەردەم،

مالۆتکەیەکی لە عێل،
بە جێماو،
پێیان ووت:
وەرە لە دالّدەی بێ دالّدەیی ئێمە ستر بگرە..
پۆلێك تەیروول ئەبابیلە هاتن و
نەیان توانی هیچ بلّێن..
کارمامزێك بە حوزنەوە دەگریاو
ڕوەو قیبلە قورعانێکی هەڵگرتبوو..
لە دووتوێی بوخچەیەکی پرزە لێ بڕاودا،
کە تاعونی ئەنفال دابوی بەدەم دیجلەداو
دیجلەش لەگەڵ بەزەیی نامەیەکدا ،
بە قاچاخ بۆی پۆست کردینەوە..
تیایدا نامەیەکمان دیتەوە،
لێی نوسرابوو:
((بیرتان نەچێ شعوریان ئاوێزان بە هەراسانی کردین و
زاکیرەیان پڕکردین لە لم..
لە خوێنی،
جەستەی خۆمان تینوێتیان شکاندین..
جامانی و
کراس و
دەرپێ و

هەوری و
بۆیمەکانیان،
بەبەر چاومانەوە سوتاند..
تەزبیحەکانی دەستی دانە دانەمانیان،
بڕییەوەو
منالە زۆڵەکانی بیابانی لمیان پێ دەژمارد..
لە
سەر نینۆکەکانمان حەرفەکانی فیراقیان هەڵکۆڵی..
کوژەکەی سەری منالەکانمانیان بە باقەیەك پرچەوە،
هەڵکێشاو
فەنەریان خستە توێ توێی دڵی هەمووان..
ئەو ئێوارانە مانگ کراسی خوێنینی لەبەر کردبوو،
کەسێك نەبوو پەلکی کچە قەیرەو تازە باڵق بووەکانمان
دابێنێ..
ناسنامەی هاولاتی بوونیان لێ سەندینەوەو تەویڵمانیان
بەتف سواخ دا..
ئای لەوێ چەندین منالی زۆڵیان پێ خستینەوە..
پەنجەرەیەك نەبوو لێیەوە داهاتوومان ببینین..
ئای لەوێ دنیا چی ئاشی ئاشوبێکی دەگێڕا..
لەوێ هاوڕێی خۆ خواردنەوەو هیچی تر بووین..
لەوێ نەمانتوانی دوا هەناسەی مەرگ هەناسەکانمان،

بلاوێنن..
خودایە لەوێ چەن زەلیل،
چەن بێکەس،
چەن بێ چارە،
چەن بێ مەئوا،
چەن بێ ئۆقرە،
چەن بێ بارانی موحیببەت،
چەن بێ هیوا،
بووین..
لەوێ لەبارانی سۆز و خۆشەویستیدا بەختمان کوڵ بوو..
لە گفتوگۆی حەنین دا لێوان لێو بووین لە عەزاب..
چەن فەقیر،
چەن بێ قەرە،
چەن داماو،
چەن بێ کەس بووین..
لەوێ گشتمان ماندوو پرزە لێبڕاو بووین..
شەڕمان لەگەڵ گەردەلول و لمی بیابان پێنەکرا..
تەیموریش نەیتوانی وێنەی ئێمە وەك خۆی بگەیەنێ..
لەوێ،
لەو،
عەزابەدا،

چ دادو فیغانێك فریامان نەكەوت..
لەویٚ،
لەو،
عەزابەدا،
نازانین گوناحەكانمان وەرین،
یان،
زیادییان كرد..
كات مەغریبەو
لە خۆرهەلاٚتەوە ئەنفال بۆ ئێرە دیٚ..
لە خۆرئاواوە لەگەلٚ زریكەی منالێٚكا،
هەوالٚی سەركەوتنە وەهمیەكان دەبیستم..
لێرە..
هەموو فەجرێكی بەیانیان،
لەگەلٚ سلاٚوەتەكانی داپیرەما..
ئەنفال بە پشكۆی سوتانەكانمانەوە،
جێمان دێلٚیٚ و
دەستكەو تەكان بەسەر جەنگاوەرەكانیدا،
دابەش دەكا..
خودایە چەن فەقیر بووین،
ئاخنراینە گەرووی ئاشی ئەنفالەوەو
سەرمان بۆ سولٚتان و

ژنەکانمان بۆ جەنگاوەرانی ئەنفال..
خودایە چەن بیٚ کەس بووین،
ڕۆکراینە سەردابەکانی ئەنفال و
لە مهاتەراتەکانی میٚژوودا،
میٚژوو نوسیٚك بەلاقرتیٚوە ووتی:
ئیٚژن ئۆمەتیٚك ئەنفال تاسانی..
هەموو لەحزەیەك،
ئەنفال میوانی ناوەختی بیٚئۆقرەیی ڕۆحمە..
خودایە چەن فەقیر بووین،
قومیٚ ئاو نەبوو بیخۆینەوەو
سیٚبەریٚك نەبوو لە پالٚیا،
حیکایەتەکانی ئەنفال تەفسیر بکەین..
لە خەونما ئەنفال دیٚت و
دەفتەری شیعرەکانم دەسوتیٚنیٚ..
گودیلەی دایکم لەبنا دەبڕیٚ..
سەما بۆ سەر بوردەی تاوانەکانی خۆی دەکا..
گۆرانی بۆ سەرکەوتنەکانی خۆی دەچڕیٚ..
لای شەمالٚەوە ئاگر لە پارچە گەنمە قەناری بەردەداو
خنجیٚر دەکا بەدلٚی کلاٚکوڕیەکا..
لە خەونما ئەنفال دیٚت و
بیلبیلەی چاومان پڕ دەکا لە خویٚن..

سەری سۆراخی سەخڵەتیمان بە لم دەسپێرێ..
ئەنفال دێت مێوژەکانی مام زۆراب[٢٥] پڕدەکا لە زەهرو
پۆرترێتەکانی ئاغالە[٢٦] دەدڕێنێ..
ئەنفال دێت،
بێدەنگیەکانی چیایی[٢٧] دەتەقێنێتەوە..
پەرداخە چایەکەی مەهدی دەڕژێنێ..
ئەو،
ئەنفال،
دێت،
ڕێ بەبانگی مەغریبی سۆفیەکی نورانی دەگرێت..
ڕیشی ئاڵتونی خۆر دەبڕێ و
کەمەرەو
گوارەو
ئنگوستیلەو
گەردانەی،
شۆخێك هەڕاج دەکا..
نێو لەپی بەخەنەوە بووی نویێ بوکێك،
شەقار شەقار دەکا..

ئەنفال هات،
شاعیری دیوانی (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و
کوێستان) مەی گریاندو
پێی ووت:
تۆ کوڕی بێکەس ترین شاری و
ئەنفال بێکەس ترت دەکاو
ناتوانی گۆرانی بۆ شۆخێکی تری ئەم پێ دەشتە بچڕێ..
ئەنفال،
دیوانی ( خواو شارە بچکۆلەکەمان ) [28]ی ئەوی دزی
و
دەست نوسەکانی ( فەریق ئەمین[29] ) ی ئەنفال کرد..
هەڵمەت[30]،
وەرە دانیشە تەماشا،
تەماشا دانیشە وەرە،
تەماشا وەرە دانیشە،
سەیر..
سەیری ئەو جۆلانەیە بکە منالێك تیایدا،
پڕبە گەروو دەزریکێنێ..

سەیر..
سەیری ئاوە سپی بکە چۆن بەخوڕ فرمێسك لەچاوی دێ..
سەیر..
سەیری باوەشاسوار بکە چەن بێ زەوق لە دەوروبەر
دەڕوانێ...
سەیر..
سەیری (مەهدی)[31] بکە چۆن بە کوڵ دەگری و
مەنفاش ژێری نەکردەوە..
لە خەونما مەسیح لە درزی شکانی ئاسمانەوە،
بەترسەوە تەماشامان دەکا..
ئەنفال ئاسۆی بینینی مەسیحی لێ یاساغ کردین و
ئێمەی بە سوتانی لم سپارد..
ئەنفال لەوەرزی داکردنیدا،
بەزەییەکانی مەسیحی ئیزندا..
مەسیح نەیتوانی بە ئەنفال بڵێ:
خودا بەرداری نیەو
ئەم هەموو دڵ ڕەقیەت بۆ؟
مەسیح لە پاکانەکەی خۆیدا نوسی:
ئەنفال،

ویژدانی،
گشتمانی،
تنۆك،
تنۆك،
تکاند..
ئەنفال،
جێی،
بۆ،
مشتیٚ،
لە،
پیرۆزییەکانمان،
نەهێلاٚیەوە..
مەسیح..،
نەیتوانی دڵی سەخڵەتی ئەو پیرە پیاوە هێوەر کاتەوە،
کە بەکۆمە کۆم چوە بەردەمی وپێی وت:
تەنها کچێکم شك دەبرد،
ئەنفال بردی و نەگەڕایەوە،
ژنێکی قەیرە لەبەردەم مەسیحا،
کراسەکەی بەری کوت کوت کردو وتی:
جەرگ و هەناوم سووتا،
هەواڵی کەسە دوورەکانت بۆ نەهێناوم..

تارمایی رۆژ شکاو شەو بەپڕ شوقلەتەکانی ئسمەت،
کەئابەی هێناو
مەسیح کەوتە نێو کەئابەکانی شەوەوەو بەتابووتی شەوی
وت:
بمگرە خۆ تا ئیتر رەزای ئەنفال نەبینمەوە.
لە،
ئەنفالا،
بیرمان،
کەوتەوە،
کە،
نەورەسێك،
ناتوانێ،
بمانگاتێ،
لە،
ئە،
ن،
فا،
لا،
بیرمان چوو جەوەنەیەك ئاو لەگەڵ خۆ ببەین،
نەمانتوانی دواماچی یەکتر لە فیراقا بکەین،
زاکیرەمان خیانەتی لێ کردین،

بەرد هاتە قسەو نەمانپەرژا ماڵئاوایی لێ بکەین،
جرجێك بوو بەسوڵتانی بێ ڕەعیەتی نیشتمان،
کوونە بیەك بوو بەساحێب ماڵ،
کەش ناسێك هەواڵی بارانی غەزەبی هێنا،
نیشتمان بوو بە دەرپیێ چەقۆ کێشەکانی عۆجە،
نیشتمان پڕ بوو لە لیکی عەبا بەسەرەکان،
سلاّوات بۆ خۆاوەندێك دەدرا نەیگریتنە خۆ،
سێ سارۆکەیەك هەواڵی چۆڵەوانی ماڵەکانمانی ڕاگەیاند،
ئەنفال،
دوومەڵ بوو لە سەر مەمکی ژنەکانمان هەڵتۆقی،
خەرکان بوو لە سەر دڵی گشتمان سەوز بوو،
پێستی سەرمانی لە فەلسەفەی خۆیدا توانەوەو
بوو بە واریسی پشتاوپشتمان،
ئەنفال،
پشکۆی ئاگردانەکەی خۆمانی خستە ژێر پێمان و
پشتیونەکانی خۆمانی بۆ کردین بە قەنارە،
گۆزەی ڕەیحانەکانی سەرسەکۆکانمانی وردو خاش کردو
ڕیحانەکانی لە مشتمانا هەڵپڕوکاند،
نوقڵەکانی سەر ڕەفەی ماڵەکانمانی داکرماندو
نوێژی فەرزی ئەنفالی لە سەر بەر ماڵەکانی خۆمان دابەست،
لە پێخەفی شەوە نابالّقیەکانمانا نووسی:

ئێوە،
نۆبەرەی،
نەوەیەکی،
یاخین، و
قامکی،
شەهادەتتان،
دەبڕین..
ئەنفال،
فیقنەی جوزەلەی شوانێکی شکاندو
پێی وت:
بۆ،
وەی،
نەتوانی،
لە،
بەردەم،
ڕەش،
بەڵە،
کێکا،
بەزمی،
چەپی،
بژەنی..

ئەنفال،
دەسکەوت بوو،
بۆ ئەوان گەوهەرو،
بۆ ئێمەش
سووتانی هەمیشەیی..
چەن بێواربووین خودایە،
جەستەمان بوو بە بەشێك لە زاکیرەی ئەنفال و
ڕۆحمان بوو بە توێشووی مەغریبانی ئەنفال،
چەن بێکەس بووین خودایە،
بوونمان لە ئافاتی ئەنفالا ون بوو..
هەناسەمان لە دووکەڵی ئەنفالا خنکا..
چەن فەقیر بووین خودایە،
ئەنفال ڕووتی کردینەوە لە خۆمان..
ڕووتی کردینەوەو
تۆی توێی گەنەموەکانی بن دەستمان،
بۆ دەسکەوت دەگەڕا..
چەن بێکەس بووین خودایە،
لە ئەنفالا تەژی کراین لە هیچ و
لە سەر تەختەڕەش،
ناوی هەموانیان بە هەڵاو گێڕاوی هەڵواسی..
چەن بێکەس بووین خودایە،

لە بێکەسیمانا مێژوو لە گێڕانەوەی وانەکانی خۆیدا ،
فریوی خوارد ..
مێژوونوسان قەڵەمەکانیان درۆیەکی گەورەیان،
بە بەرۆکی لاپەڕەی نوێترین کتێبەکانا هەڵواسی..
خەونمان دیبوو ،
ئەنفال هیچ ڕەنگێ وەك خۆی ناهێڵێ..
هیچ زیرۆحی بە هیواوە لە خۆناگرێ..
چەقۆی دەستی چەقۆ کێشەکانی دەکاتە شیرو مەمەی،
منالێك..
وەرە ،
دانیشە،
تەماشا ،
بە شوێن،
پێی ،
ئەنفالا ،
پرچی ،
بە،
پەلك،
کراوی ،
محبووبە،
مان،

دیتەوە،
کە لە سەری نوسرا بوو:
بڵێن بە دایکم چراکەی پێکاو
ئیتر چاوەڕوانی با بەس بێ..
شەمسەی،
قەلاّ سپی لە چاوەڕوانی هەواڵێکی فەریدو کەسرانا،
چاوەکانی کوێربوون و
لە ڕێی نەوارێکەوە گوێ لە گۆرانیەکانی جبار دەگرێ..
ئەوەتا،
سەیر،
چاوەڕوانی زەینمانی کاڵ کردەوەو
بۆ ئومێدەکانمان پەڕە پەڕەی دەفتەری مەزاقەکانی،
هەڵدایەوە..
لە لاپەڕەی یەکەمدا،
نوسرابوو:
بۆ ڕاهێنان لە سەر مەرگی چاوەڕوانی..
لە دوا لاپەڕەیشدا،
نوسرابوو:
ماڵێکتان لە لم و خوێن بۆ چی دەکەین..
خودایە،
بۆ تۆ،

نە هاتی،
بە،
پیری،
هەناسەی،
ڕۆحیانەتی،
پاکمانەوە،و
نە فریشتەیەکت نارد،
تا پێمان بڵێ:
نەمانتوانی سەبوریی دڵ تەنگیتان بین..
خودایە،
مێوەی چ باخچەیەکی یاساغمان نەڕنیبوو..
بزمارمان لە ڕێی چ خەلیفەیەکا دانابوو..
نەمانتوانی شمشێری غەزاچیەکانی ئەنفال بشکێنین..
فرمێسکی تەهارەتمان ڕژان و
خوڵقمان بە بێکەسی و بێ ئۆقرەیی خۆمان،
تەنگ بوو..
پاپایەك نەهات بێ ئۆقریمان بلاوێنێ و
پەنجەرەیەکمان لەم کەونە شەپڕیوە بۆ بکاتەوە،
تا لێیەوە،
تەماشای بێواری خۆمان بکەوین..
خودایە،..

تۆش،..

ئا،..

وەرە،..

تەماشا،..

ئەنفال،..

فرسەتی نەداین لە تەنیاییمانا پڕ بە حەز بۆ خۆمان بگرین..

تەماشا،

ئەنفال،

شایەتەکانی

لە سەر،

تەختەی،

جۆلانەی،

منالەکانمان،

هەڵکۆڵی..

دارو

بەردو

پەلەوەرو

کانی و

دەشت و

دەرو

تەماشا،

چۆن هەموانی گریان و
خۆر لە زەردەیەك کەوتە نێو مەنجەڵی شێوەی مەغریبمان و
لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشادا،
کۆتەڵی سووتانەکانمانی چێنەوەو
لە سەر بەرماڵی نوێژی عیشامان،
ڕێژەی غەنیمەکانی خۆی ڕاگەیاند..
ئەنفال،
فیرعەونی بۆ بینینی سووتانەکانی ئێمە هێنا..
ئەنفال،
خۆر لە زەردەیەك،
ئاوێنەی بەر هەیوانی حەوشەکانمانی وردو خاش کردو
گاڵۆکی دەست شوانەکانمانی شکان و
نەیهێلا گۆزەیەك ئاو،
لە ئینجانەی گیا نەعناکانی سەرسەکۆی بەر حەوشەکانمان،
بکەین..
ئەنفال،
شەوێك کە سەرقاڵی لەیلەتوول قەدربووین،
پەراش پەراشی کردین و
لە سەر هەر پارچەیەکمان ناوی خۆی و
تەفسیرەکانی،
لە حەرفەکانی غەزای پیاو چاکانی خۆی نووسی یەوەو

لە گەڵ کازیوەدا،
بەری خۆری لێگرتین و
نشتمانی لێکردین بە دۆزەخ..
خەونم دیوە،
دایکم بە عەزرەتی برینەکانی ئەنفالەوە دەمرێ..
باوکم بە کەسەری ماچێکی ئەختەرەوە،
لە گۆڕ دادە بیژرێ..
مام فارس،
بۆ هەتایە بزە ناکەوێتەوە سەر لێوی و
پریاسکەی خەمەکانی بۆ ماڵی تەنیایی دەپێچێتەوە..
کەسێك نایێت؟! کەسێك ناپرسێت ؟!
کەسێك لا ناداتە لامان؟!
کەسێك،
ڕیسالەی کۆتایی ئەنفال ڕاناگەیەنێ..
کەسێك،
نەتوانێ خولێق بە تەنیاییەکانی مام فارسەوە،
بگرێ..
خەون دەبینم،
شاعیرەکەی شاکەل"٣٣"..
بە دڵ شکاوییەوە،
بە قەڵەمە ڕیشێکی سپی چوون بەفرو

به قەسیدەیەکی دڵ تەنگەوە،
دەچێتە لای ڕووباری سیروان و
دوای سڵاو بە حوزنەوە پێی دەڵێ:
زەحمەت،
بخوێ،
قەسیدەیە،
بگەیەنە،
دیجلەو
پێی،
بڵێ،
ئێمەو
ئامانەت،
ئێسك و
پرووسکی،
کەسەکانمان..
شێخی شاعیر گریاو
وتی:
ئەمجارەیان شێروانە،
کە لێی دەدا،
تیشکی عەکسی خۆر ئاوا..
گوڵ و

گیا،
ناچێته،
بەرگی،
بووك و
زاوا..
ئەو گریاو
شێروانەو
سیروان،
گریان..
ئەو،
گریاو
ئەنفال،
داباری..
ئەو،
گریاو
ئەنفال،
کانی،
دڵی،
سیروانی،
لێڵ،
کرد..

ئەنفال ڕەوە ئاسکەکانی دەشتی شێروانی ناراند،
شێر پەنجە بوو تێکەڵ خوێنمان بوو،
ڕەوێك بێچوە سوێسکی بە پارچەیەك شکارتەوە سووتان،
کە هات کوڵێ نانەکانی ڕووخاند،
چی قورعانی مزگەوتەکان بوو پەڕە پەڕەی کرد،
کە ئەنفال هات نە ئاسمان هەڵی دەکێشاین و نە عەرز
بە ئارامی قووتی دەداین،
گشتمان بینیمان تەسبیحە سەدو یەك دەنکیەکەی
(مەولەوەی) بڕییەوەو
(نالی) بۆ عەزابەکانی ئەنفال زیندوو کردەوە،
(گۆران)ی لە وەسفی سرووشت بێزران و پێی وت:
لە عەبابەیلیێوە دەتبینم: نایەڵم جامی ئەم وەسفەشت پڕیێ
و
بۆ ساتێك هێمنی لە باوەشی خۆیدا بتخواتەوە..
خودایە وەرە تەماشا،
ئەنفال بە زەبری شمشێر..
لە سەر دڵی گشتمان،
پەیداخی سەرکەوتنی خۆی بەرزکردەوە..
منالێك،
پرسی:
ئەنفال،

**چی لە گەڵ باوکم بوو؟**
**کە بردی و**
**نەگەڕایەوە؟**
**سۆزێك،**
**بە سەر،**
**بوخچەیەکا،**
**کە لە ئەنفالا لەبیر چووبوو بدزرێ..**
**دەیچڕیکان و**
**دەیوت:**
**بگەڕێوە عەزیزی من.....**
**ڕۆحم لە تەنیایتا،**
**شەپۆلی ئازارەکانی بێ قەرارە..**
**بگەڕێوە هەناسەی من،**
**ئێستا بوخچەکەت هۆگری تەنیاییەو**
**چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسکی حەسرەت..**
**بگەڕێوە ئارامی بێ ئۆقرەیی من،**
**لە کوێی؟**
**لە کام گۆشەی ڕەشی ئەم کەونەدا،**
**تۆ دەگریێت و**
**کەس گوێی لێت نیە..**
**بگەڕێوە،**

بۆخچەکەت پڕە لە نهێنی و
خۆت نەبێ..
کەس تێ ناگا..

٢٠٠١_٢٠٠٢ زینانە
ناوچەی داودە/ مەیدان- خانەقین

## پەراوێزەکان:

١- ڕووبارێکە لەگەرمیان
٢- وەکاشە ئەو ئیمامەیە کە چوار شەموان زۆربەی گوندییەکانی گەرمیان دەچوونە دیدەنی .
٣- زنجیرە چیایەکی دیارو ناسراوە لەگەرمیان و بەمازووخ ناسراوە
٤- پیاوێکی سادەو هەژاری گووندی ققەلاچەرمەڵەی گەرمیان بوو، کوڕو کچەکانی ئەنفال بری و خۆشی فرۆکەکانی ڕژێم شەهیدییان کردو دوومانگ تەرمەکەی بەچۆڵەوانیەوە بوو، چوونکە کەس نەیدەوێرا بچێتە ئەو ناوچەیە، دواتر هەرلەشوێنی شەهیدبوونەکەیدا تەرمەکەی کرا بەچێر خۆڵەوە
٥- مەبەستم باپیرو داپیری خۆمە
٦-هەمان مەبەست
٧+٨ – دوومامۆستای ئاینی گووندی قەواڵی و تووکن بوون لەگەرمیان

٩- دانیشتووی گووندی پیرەمەوەنی بوو لەگەرمیان
١٠ – ئـەو گووندەیـە بیـست و پێـنج پـارتی زانـی شـیوعی و یەکێتی تیا شەهید بوو لەپەلاماری ئەنفالدا
١١ – ئافرەتێکـە تـاك و تـەنیا خـۆی لەپـەلاماری ئـەنفال قووتـاری بوو
١٢ – بـەلووتفترین پیـاوی گـەرمیان بـوو، کەئـەنفال هـات قـسە خۆشەکانی ئەویش نەما
١٣ – پێشمەرگەیەکی پارتی زانـی شـیوعی بـوو، گەلـە جاشـێك دوای ئەنفال شەهیدیان کرد
١٤ – پێـشمەرگەیەکی پـارتی زان بـوو، دەزگیرانەکـەی ئـەنفال بردی و نەگەڕایەوە
١٥ – شمشاڵ ژەنێکی گەورەی گەرمیان بوو، تائەو ساتەی قۆڵ بەستیان کرد شمشاڵەکەی لەمستا بوو
١٦+١٧ – دایـك و کـچی شمـشاڵ ژەنەکـە بـوو لـەنووگرە شـەهید بوون
١٨ – شێتێکی گەرمیان بوو
١٩ – شێتێکی تری گەرمیان بوو لەبنەکەی خەپەکوێر
٢٠ –یەکـەم شـەوی بـووکێنی بـوو، دوای یـەك کاتـژمێر کەوتـە نێوان لێشاوی ئەنفال و دیار نەمان
٢١ – مەبەست لەو شۆخەیە کە(لەتیف فاتح)ی شاعیری هاوڕێم لەدەقێکدا هۆگری بوەو بۆی دەگری
٢٢ – فەرماندەیەکی پارتی زانی شیوعی بوو

٢٣ – ئەو گووندەی ناوچەی داودە بوو لەگەرمیان بەرگرییەکی سەختی لەپەلاماری ئەنفالدا تیا کرا

٢٤ – پێشمەرگەیەکی پارتی زانی یەکێتی بوو لەو گووندەدا شەهیدبوو

٢٥ – جێژوانی شۆخانی گووندی قەلاّچەرمەڵە و پیرەمەوەنی بوو

٢٦ – مەبەست لەکتێبی پۆلی یەکی سەرەتاییە

٢٧ – هونەرمەندی شێوەکار ڕۆستەم ئاغالە

٢٨ –هێمایە بۆ دەقێکی شیعری عیسا چیایی شاعیر

٢٩ – دیوانە شعرێکی لەتیف هەڵمەت

٣ – نووسەری جوانە مەرگی گەرمیان فەریق ئەمین

٣١ – دیسان هەڵمەتی شاعیر

٣٢ – مەبەست لەمەهدی ساڵەحی شاعیرە

٣٣ – مەبەست لەشێخ ئەحمەدی شاعیرە

# سووتان بە بۆنی بارانی

# نامۆبوون

# نامیق (١)

نامیقە فەقیرەکە فەرنجیەکەت دانیٚ..

ئاخر خواردنی بەرکوڵی ئەم عەسرە چایەمان بەسەلکیٚ دوان دۆینەی گەنمە قەنارییەوە، بیٚئامادەبوونی تۆ بیٚشمشاڵ ژەنینیٚکی تۆ مانایەك نادا، مەڕۆ هۆ نامیقی فەقیر ئەم ئیٚوارەیە کیژانی کانی فاتم لەچاوەڕوانی هاتنی تۆدا، دواچۆڕی سیلاوی فرمیٚسکی چاویان ڕشت، بگەڕیٚوە ئینسانە فەقیرەکەی هۆگر بەسرووشتی مازووخ، بەڕۆشتنت خوا لیٚلاٚیی داهات و نەیتوانی بەکەس بڵیٚ ئیٚوە عەبدی منن، دەمەڕۆ هەی پاکتر لەتەهارەتی نویٚژ، کەتۆ ڕۆشتی ئاوەسپی بەسەروچاوەی ووت ئیتر ئاو مەنیٚرەو فرمیٚسکی گریانم بۆ نامیق نایەڵیٚت ئەم ڕووبارە ووشك بکات (خوێنەری بەڕێز پەلە مەکە نامیق و نامیقەکانی هاوڕێی دەبنە قارەمان و کەرەستەی ئەم دەقە)، بەرەو

دوا ئاورێ ئەوە بارەی پڕ هاواری مەرێکی گەرحای تۆیە بەدەست ئەم ڕۆشتنەوە ئینسان دەکاتە قەرەبرووت، دەی ئاورێ بەرەو دوابدەوە ئەوە دەزگیرانەکەی تۆیە بانگت دەکاو دەڵێ: هۆ نامیق هۆ نامیق بێسیغارو توتنەکەت مەڕۆ، هۆ نامیق هۆ نامیق ئەم کل و کلدانەی کەنیشانەی یەکەم یادگاری نێوانمانە لەگەڵ خۆت ببە بۆوەی بیرت نەچێ بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی ، ئاورێ بەرەو دوا ئەی سپی ترین ئینسان دایکت وەك کاراب زەرد هەڵگەڕاوەو قەدەم خێر وەیلۆ وەیلۆیەتی و بێهاتنەوەی تۆ ژیر نابێتەوە، ئاورێ تکایە ئەم ڕۆشتنەت ڕۆحی شمشاڵ ژەنەکانی لەت و پەت کردو ئاوێنەی عەشقی وردو خاش کرد، مەڕۆ نامیق بەرگەی سووتانی ئەم نامۆبوونە ناگرین و کەلۆز بەیاغاریش لەدوا دیداردا بەگریانەوە ئیزنی داین، ڕەشبەڵەکێك بوو بە پشکۆو کەمەرەی زیوینی ناو قەدی نۆبوو کێك پڕ بەگەروو هاواردەکا:

چۆڕێ ئاو

نەختێ ڕۆشنایی

فریادڕەسێ

بگەڕێوە تەماشایەکی پەچڕانی ملوانکەی زەنگیانەی گەردنی ئێوارانی پڕ لەعەشقی ئاسۆی دەم کەلی مازووخ بکە و بنوارە ئەوە پۆلێك کۆترە شینکەی پەڕو باڵ کراوە لەپێشوازیتا کڕنۆش دەبەن، ئاورێ قەتار ئەلاوەیسی بۆنی ڕۆشتن و نامۆبوونی تۆی لێدێ و ژوانی

حیکایەت و نووکتە خۆشەکانی عەشق چاوەڕێی گەڕانەوەتە، بگـەڕێوە
بەیانی باش و ئێوارەباش و
ژوانی کانی و
ئینسان و
مەڕو پشیلە و
کۆترو
چۆلەکە و
گوێدرێژو
بزن و
نوێژی تەلاّقدانی خواو
شمشاڵ و
باران و
هەرچی زیرۆح هەیە،
چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆن..

پەراوێز:
١ ، هەموو تەمەنی بە شوانکارەیی و شمشاڵ ژەنین بەسەر بردو ئەنفال لە نوگرەسەلمان کوشتی.

# محمود (۱)

مەحمودی هاجەر ماڵی نیە، ئەو.... لەگۆی زەویدا، لەسوێسکەیەك و قەفەسێك و مەتارەیەك ئاو زیاتر شك نابا، ئەو.... هێشتا ساڵی باڵقبوونی تێنەپەڕاندبوو، تووشی تێك چوونی دەروونی ببوو، وەلێ لە هاوەڵەکانی ژیرترو تیژتربیری دەکردەوە، ئەو.... پێش ئەوەی تاوانی ئەنفال ئێسك و پرووسکی هەرچی زیڕۆح هەیە تێك بشکێنێ و کوژەکەی بەرتەوێڵی منالەکانمان بدزێ، ڕۆژێکیان دوای گریانێکی بێهوودە ووتی : هەمووتان بەمەرگێکی نائاسایی دەمرن و بۆ هەتایە ئێرە نابیننەوە، ئەودەم دانیشتوان دایانە قاقای پێکەنین و ووتیان :

ئای کەشێت خۆشە بۆ پێکەنین ...

پاش بیست ساڵ دوای کۆچکردنی مەحمود ، دەچێتە خەوی پورە زەریف و پێی دەڵێ: سۆمای چاوت لەچاوەڕوانیدا، نەماو بووی

بەپارچـەیەك لـە سـووتان و نـامۆبوون، دەسـتم بـەرێ مـن هـاتووم دواهەواڵی جەمیلەت بدەمێ، ئەو....، جەمیلە لـەلێواری زەریایـەکی مۆنـــدا ، وەك درەختـــی بـــەڕوو ڕەگ دادەکـــوتێ و ییێـــژێ نـــاتوانم بگەڕێمــەوە ، ئــەو....، جەمیلــە تــژی بــوە لەســووتان و نــامۆبوونی لێدەڕژێ، ئەو....، جەمیلە تەنانـەت منیـشی نەناسـیەوە و پێـی ووتم: من بیرم نایە محمود ناوێك بۆ ڕۆژێـك لـەڕۆژان پرچـمی شـانە کردبـێ، ئەو....، بیری چووبوەوە کەمن وەختـێ لێـرە نەڕۆیـشتبووم ، جەمیلـەم دەگرتە باوش و فێری ئولفەت و جوانیم دەکرد ، ئێستا ئـەزنکێ بـدەو ....، زەریف لەخەو ڕادەپەڕێ و دەڵێ: خوایـە بـەخێری بگێـڕی و یـەك ڕاست خەونەکەی بۆ شەوبۆ دەگێڕێتەوە ، شەوبۆش دەڵێ:

هیچ نیە ئەوە غایلەی گەڕانەوەی جەمیلەت کردوە..؟؟؟؟

زەریفیش ئەم بەیتانە لەبەری خۆیەوە دەڵێتەوە:

کچی نوور جەمیلەی جوان،
هەناوم ئازاری لێدەتکێ و
تۆ هەر هەواڵێکت نەبوو..
ئاخر بۆچی دەستی محمودت نەگرت و
بگەڕێیتەوە؟
کچی خۆم جەمیلەی گووڵ،
کانی فاتم و
ئاوازی شمشاڵەکەی نامیق و
دەستە خوشکانی هاوڕێت،

چاوەڕێی گەڕانەوەتن...
سوێند کچ و دایکێتیمان،
ئەگەر ئەم جارە کەسێك هاتە خەونت
بێرەوە.......

پەراوێز:
١، پێش ئەنفال لە گووندەی خۆیان گیانی لە دەستدا

# زەینەب (ا)

**ئـەو....، سـوێندی بـەبرایم سـەمین خـوارد بـۆ هەتایـە پێنەکـەنێ و کراسی ئەنگۆرەی گوڵ گوڵی لەبـەر نـەکا، ئـەو....، سـوێندی بـە پـیر خـدر خـوارد بـۆ هەتایـە نوێـژ بـۆ قیبلـەی مەنجـەنیقی ئـەوەڵ شـەوی بووکێنی بەهاری تاقانە کچەکەی نەکاو بۆ تەنیاجارێکیش نـاو لـەپی نەگرێتە خەنە، ئاخر ئەو....، کاتێ کە شکارتەی پشتەوەی ماڵی بـژارە دەکردو بە ئومێـدی ئـەوەبوو، کراسـێکی تـری بەهارییانـە بـۆ بـەهار بدروێ بەهارییان بۆ هەتایـە دزی و ئاوێنـەی دڵـی خۆشـیان شـکان، ئەو....، ڕۆژێ بیری نایە کەی بوو بەنامیقی وتبوو:**

**بەهار ئالوودەی سۆزی شمشاڵەکەی تۆیە،**

**بژەنە شمشاڵێك وەك هەناسەی فەقیری خۆت..**

بیرت نامیق گیان،

له ڕۆژی زەماوەندی مـن و ئەحمـەدا نۆبـەی کەسـت نـدا بـۆ شمـشاڵ ژەنین..

بژەنه شمشاڵێ،

قووربانی ڕۆحی شمشاڵەکەت بم..

ئێستا بـیر دەکاتـەوه پـاش خـەون بینینێکـی قـووڵ ، کـاتێ قـوڕە ژیلکــه جــاڕی ســەرەتای هــاتنی بــەهار دەدا، ئــەمیش دواچــۆڕی فرمێـسکی چـاوی خـۆی لـەجیاتی پـەرداخێ ئـاو دەخواتـەوەو لەبـەر خۆیەوه بانگ دەکا:

بەهار

نامیق

ئەحمەد

براهیم

ئەوه بۆ دەنگی شمشاڵ نایێ و لەکوێن وا دەنگم نابیستن، ئـیتر چـاو لێك دەنێ و دەبێته گۆڕێکی گووم ناو......

پەراوێز:

١، ئەو هەردوو کچ و کوڕەکەی و خۆی له ئەنفال تیاچوون

# تەقی (١)

تەقی شەو درەنگانێك بێئـەوەی کـەس پێـی بزانـێ و بەکـەس بڵـێ، دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاو ژاژو قـەڕەمی گـەوەڵ عەسـاف، لـەوێ لەگـەڵ یادەوەرییەکانی خۆیدا بیر دەکاتەوەو پێیان دەڵێ:

کەس نەماوەو ئێوەش وریای خۆتان بن نەبادا،
باووبۆرانی ئەمشەو لەڕەگەوە هەڵتان کەنێ..
پاشان گوێبگرن،
من بۆ دوایەمین جارە دێمەوە لاتان لێم ببوورن،
ئەگەر کەسێ پرسیاری منی کرد خۆشم نازانم بۆکوێ دەڕۆم..
ئـیتر تـەقی دیارنـامێنێ و تائێـستاش گـەوەڵ عەسـاف و بیرەوەرییەکانی سۆراخی دەکەن و هەواڵێکی نازانن؟

پەراوێز:

١، تەنها یەك منالی لە ئەنفال دەرچوو، سەرتاپای خێزانەکەیان ئەنفال بوون

# لالە (١)

ئەگەر لالە نەبوایە ئێمە منالأنی ئەوێ نەماندەزانی بۆهەمیشە نەماندەزانی تامی چوکلیت و جابری و نوقڵ و بسکێت چیە؟ ئەو ئیسنانێك لە گووڵ، وەختێ ئەو بەپیادەڕێکاندا بەرەو لای ئێمە دەهات و ئێمەش بەدوورایی چەندین میل دەمانبینی ئیتر کێچ دەکەوتە کەوڵمان و بەسیخوورمە دایکمان شێت و هاردەکرد، دایکە ئەوە لالەیە/ دایکە ئەوە لالەیە/ دایکە تووخوا دەفلس / دایکە تووخوا بانەڕوا، لالە تەنها زەمبیلەیەکی دەکردەشان و فەقیر فەقیر دەیوت های وردەواڵە، ئیتر لالە و وردەواڵە و ئێمەی مناڵ تێکەڵ دەبووین، ئێستا دەزانم لالە هاوسەری نەبوو، چوونکە بیرم دێ خەڵکی دێ دەیانوت لالە ڕەبەنە، ئەم ڕۆژانەش لالەم دیت لێم پرسی :

لاله دەم ناسیەوە؟
وتی نەخێر...
پرسیم بۆ؟
وتی کورِم من ئەوەتەی سـۆزی شمـشاڵەکەی نـامیق م گـووم کـردوە کەس ناناسمەوە..
ووتم لاله ببورە بەمنالّی چووکلێتێکم لیت دزیوە..
ووتی رِۆڵە من خۆم دزراوم ویـژانم دزراوە چـوکلێت نۆشـی گیـانی تۆبێ..
دایکە ئەوە لاله بوو مەهێڵە بانەرِوا..
دایکە ئەوە لاله بوو تووخوا بانگی کە دواوە..
دایکە ئەوە لاله بوو توو خوا بزان چووکلێتی پێماوە؟
بنوو کوورِی خۆم ئەوە خەونت دیوەو
لالـە دوای سـووتاندنی قوورئانەکـەی مـەلا ئـەو رِەحمـان سـوێندی بەئاوەسپی خوارد ،
کەس نەیبینێتەوە؟؟

پەراوێز:
١ ، پیاوێکی رەبەن بوون دوای ئەنفال کۆچی دوای کرد ، دانیـشتووی گوونـدی پیرەمـەوەنی بوو

# مەلا ئەو رەحمان (١)

**چیمەن بانگی مەلا عبدول ڕەحمانی کردو پێی ووت:**
**مەلا بەم مەغیرب و ناوەختە بۆ دەڕۆی؟**
**چیمەن لە ئەوی پرسیبوو،**
**بۆچی قوورعانەکەت لەلبیر چوەو لەگەڵ خۆتت نەهێنا..**
**قوورعانەکەت ئیتر دووعای خێرمان بۆ ناکاو**
**پیرۆزی مزگەوتە قووڕینەکانیش نایانگرێتە خۆ..**
**مەلا من بیرم دێ ڕۆژی لێکترازان بەباوکمت ووت مریەم بە عەزرەتی دوادیداری تۆوە دەمرێ و**
**هەرمێ بۆ هەمیشە یادگار نابینێتەوەو**
**شەونم وەك چاوی چەپی بێکەسی و**

فەقیانــەی ســپی گــڕ تێبــەر بــووی مــاڵ و قوورعانەکــەی مــن دەسووتێ..

مـەنسوور ئێژم بیرت ماوە ئـەو ئێوارەیـەیی قـوڵپی گریـان ڕێگـەی نەداین سەرو ماچی ڕووخساری دووکەڵ لێنشتووی لانکەی منالێمـان بکەین و

سەرو جەوەنە ئاو لەکانیەکەی خەیری لەگەڵ خۆ ببەین..

مـەلا دەگەڕێتەوە بۆ خۆرنەوەزان، لەوێ پەڕە پەڕەی دڕاوی قوورعـان و پابووجی پێی کچە یەك سالانەکەی و مێزەرەکـەی خـۆی و گـوارەی گـوێی حەسـیبە و هێمنیـەکانی لوقمـانی بینـی ، بـەبالای دار هەنارێکـدا هەڵواسـراون و گـوێ لـە سـۆزی شمـشاڵ ژەنینـی نـامیق دەگرن، دەکەوێتە دوو دڵیـەوە و پـاش کـەمێك ڕامـان بانگێـك دێتـە گوێی :

مـەلا تائێرە عـەزیەت بخۆ..

دوودڵ مەبە تەشریف بێنە بۆ ئێرە..

غفور ئەوەتۆی؟ غفوور پرسـیاری فرمێـسك دەکـاو دەڵـێ: پاژنـەی پـێم پـڕە لـەدڕکی خـەم و تەمـەنم گـشت سـووتا بـەبۆنی نـامۆیی هەواڵێکی فرمێسکم هەر نەزانی، مەلا ئێستا لەمیعە هۆگری چـیە؟ ئایائێستاش وەك یەکەم ساتی یەکتر ناسینمان بـیر لەچـنینی گـوڵ و وەنەوەشـە دەکاتـەوە؟ ئـەو ئێـستاش وەکـی سـەرتای یەکـەم مـانگی بووکێنی سەرپەنجەکانی دەگرێتـە خەنـەو چـاوی بـەکل دەڕێـژێ؟ ئـیتر

غفور دیار نامێنیٚ و مەلاش وەك گەدایەك تائێستاش ئەو دەورو بەرە دەگەڕێ و .....

دەسووتیٚ و

دەبرژیٚ و

تینووی تەنیا هەواڵێکی .....

پەراوێز:

١ ، مامۆستای ئاینی بوو.. تەواوی خێزانەکەی و خۆی لە ئەنفالدا تیا چوون

# هەنار (١)

هەنار وەرەوە دایکت بانگـت دەکـا، تـۆ کـەی وا درەنـگ لەسـەفەر گەڕاویتەتەوە؟ کانی شاواز چاوەڕێتەو بـیری ماچـێکی هـەناری چـوون خۆتت دەکا، کانی کڵاو کوڕە پڕبوە لـەئاوو دەڵـێ وەرە قاپلەمـەیـەکی تر ئاو ببەوە، هەنار ماڵێك بوو لەماریفەت و دڵێك بوو لە شووشـە و ڕوو خسارێك بوو لە ڕەنگی مانگ و تەمەنێکی کەم بوو لـە عەشـق، هـەنار بـیری نـەماوە کـەی بـوو لێـرە بەبەرچـاوی گـشتمانەوە دزراو ئێستاش کەسمان ناناسێتەوە..

پەراوێز:

١، تەنیا کچ بوو لە خێزانەکەیدا ئەنفال بێسەرو شوێنی کرد

# فەزیلە (١)

مەحەمەد ئێستاش کەدەچێتە سەر بەرزترین لووتکەی مازووخ و لەئاوێنەی ڕووباری ئاوەسپیدا تەماشای گوندییەکانی گەرمك دەگا، تارمایی فەزیلە دێت و پێی دەڵێ : ڕۆحی شرین ئەوەی دەیبنی من نیم ئەوە ئاوێنەی ڕۆحمە لیرەو جەستەم زوو زۆر زوو ئەو دەمەی تۆ سەرقاڵی تەواو کردنی خەتمەی عشق بووی دزرا، بگەڕێوە بۆ لای دلبەر خان و پێی بڵێ : فەزیلە ئێستا تەنیا گریان دەناسێ و هیچی تر، بیرت نەچێ پێی بڵێ: فەزیلە ئیتر ناتوانێ بۆ تەنیا جارێکی تر زولفی لە ئاوی پاکی کانی کوچکینە بشواو بۆڵێك تریێ بۆ ئەڤینداراەکەی بنێرێ، پێی بڵێ: فەزیلە ناتوانێ بۆ تەنیا یەك جاریش پێی بڵێ بەیانیت باش و تەنانەت ناتوانێ بڵێ: لەئیمام مەحەمەد

گەزێك زەوی بـۆ تەرمەكـەم جێبهـێڵن و خواتـان لـە گـەڵ، مەحەمـەد دەستیٚ بەپشتی چاویدا دێنیٚ و دەڵیٚ:

فەزیلە توانی عاشق بیٚ،

وەلیٚ بەپەلە ڕۆیی و تەنانەت نەیپەرژا بڵیٚ ماڵ ئاوا..

فەزیلە نایەتەوەو

مەحەمەدیش لە غووباری تیاچوونی فەزیلەدا وون دەبیٚ و

منالێك كەدایك و باوكی لیٚ وون بوون،

بەئاوازی شمشاڵەكەی نامیق كارمامزە كێویەكان لە ئافـات بـەئاگا دێنیٚ..

پەراوێز:

١، دانیشتووی گووندێكی گەرمیان بوو ئەنفال بردی و نەهاتەوە

# چاوشین (۱)

ئەم بەیانیە حاجی چاوشین سەری لەگەوڕی ئاژەڵەکان هێنایە دەرو بانگی دەکردو دەیوت: هۆ بەدیع هۆ بەدیع کەس وڵامی نەدەدایەوە، هۆ بەدیع هۆ بەدیع کەس وڵامی نەدەدایەوە، باجەتی قادر گوێی لەبانگە بانگی چاوشین دەبێ و بەبەڵێ حاجی ئەوە چیت دەوێ وڵامی دەداتەوە کەتەواویش نزیك دەبێتەوە چاو شین دەبێتە تارمایەکی دوورو دەڕواو دیار نامێنێ، کیژانیش بەم بانگە بانگەوە دێت و تەنها ئەم گۆرانیە دەڵێتەوە:

حاجی سەلامەت خۆت لەڕێگا ئاگاداری شرین بە..

تەماشایەك وا ئاوەسپی کراسێکی ئاڵ ئاڵ وەك خوێنی ئاڵی دڵی نامیق دەڵێنەوەو

خورشـيد جـارێكی تـر نەئەلاوەیـسی و نـەئایی ئـایی و نەخاوكـەر ناڵێتەوە..
ئۆغرت خێر حاجی،
بـەڵام بـیرت نەچـێ لـەوێ خرمــە خرمــی تفـەنگ و زرمــەی پێــی پۆستاڵو
زریكەی ئێمە بۆ عەرشی بێئاگای خوا بگێڕیتەوە..
حاجی وەرزی شۆخێتی ئێمە و مەلاسەی پیاوە چلێسەكانی جەهل،
بۆ سەرو چاوەی ئاوەسپی بگێڕەوە..
حاجی تەماشایەك ،
ئاوەسـپی عـاجز عـاجز دەڕواو قـوڵپی گریـان ڕێگـای نـادا تـەنیا سلاوێك بسەنێتەوە..
وەهاب حكیم لەبەری ڕۆژئـاوای ئاوەسـپیەوە گـوێی لـەم گـورانی و لاوانەوە دەبێ،
خۆی پێناگیرێ و دەداتە پرمەی گریان، زەریف دەڵێ:
وەهاب ئەوە چیت گوێ لەبوە وا بەكوڵ دەگریت؟
وەیلێ وەهاب جەمیلەی من چی لێبەسەر هاتوەو
كێ ئەم هەواڵەی هێنا؟
شەمسەش بەم قسانە دەست دەخاتە كەلەكەی چەپی و دەڵێ:
زەریف ئەوە وەهاب هەواڵی كەسران و فەریدی هێناوە؟
دایكی نامیق بەپڕتاوێك دەگاتە لای وەهاب و دەڵێ:
ئەوەچیە وەهاب باسی شكاندنی شمشاڵەكەی نامیق دەكا؟

لفتە لەدوور ڕا دەردەکەوێ و
گۆرانی یارخەزاڵ دەچڕێ..
فاتم خەونەکەی دەڕزێ و
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
بەیانی دەچم بۆ لای وەکاشەو
پێی دەڵێم ئیتر ناتپەرستم و
چوارشەموان نایەمە دیدەنیت..

پەراوێز:
١، پیاوێکی قسەخۆشی گەرمیان بوو

# گوڵستان (١)

**گوڵستان بەکونە جەفتینەیەك ئاوی کانی گوڵ مژییەوە، بەیانی باشی لە جبار کردو بەهەناری ووت: ئەوە بۆچی وا ڕەنگت هەڵبزڕکاوەو لێوت قەتماغەی بەستوە؟ پێش ئەوەی هەنار وەلاّم بداتەوە، جبار ووتی: گوڵستان بە سەعید بڵێ منداڵەکان جێنەهێڵێ و ئیتر لەسۆمای چاو وون بوو... چناریش لەم ڕۆژانە بۆی گێڕامەوەو ووتی: ئێژن جبارو گوڵستان چوونەتە خەونی نەنە شەممەم و پێیان ووتوە حەیران لە بیابانێکدا کچێکی بوو، ناوی لێنا (لم)..... ئابیرم نەچێ پێی ووتبوو: ئامین لەکانی گوڵ مژییەو سۆزی گریانەکانی هەناومی سووتان، ئێژم دایە ئەوە بۆچی گوڵستان وەك جاران کراسی چاوە چۆلەکە لەبەر ناکاو فەسیح گۆرانی بۆ مەحمەد ناچڕێ و تەمین**

هەرەزاڵە ناچنیّ و شوانەکان دۆزە دۆزەی دۆمەلاّن ناکەن و کیژان ناچن بۆ پیشۆك و کوڕانیش ناچن ڕەشبەڵەك؟ ئەو هەر قسەی کردبوو، وەلیّ نەنکم هیچی نەژنەفتبوو، ئەو ووتبووی : جاران گەورەو بچووك سیغارو توتنیان بۆ کاکە خولە دەپێچایەوەو یاری تریّ تریّ یان دەکردو لە وادەی بەفر باریندا شەڕە بەفرو لەزەماوەندا ژوانی پڕ لەترسیان ڕێك دەخست و بێپرسی گەورەکان سیغارییان پڕ دەکرد لەتووتن و دەیانکێشا، ئاخر دایە ئێستا بۆچی بۆنی مێخەك بەن و سەوڵ و ڕیحانەی ناو گیرفانی سووخمەی کیژان نایێ و تامی نەعنا تفتەکانی ناو نامەکانی دلّداری تاڵن؟ دایە ئەوە بۆچی گاڵتەو گەپەکانی کوڕەکەی دەروێش حوسێن وەك جاران نین و کەس چیرۆکی عەشقی خۆراسان ناگێڕێتەوە؟ چنار دەلّیّ: نەنکم سوێند بە قوورعانە پەڕە پەڕە کراوەکەی تقی دەخوا کەجەباری کوڕی خۆی بوەو پرسیاری سێوەی کچی غەزێمی کردوە، ووتوویەتی : شەوێك سێوە هاتوەتە خەونم و تکای کردوە هاڵ و هەواڵی تۆی پێبلّێم، تەنانەت ووتوویەتی : نیگارم بە هەردوو چاوی خۆم دیوە بۆبینینی هەنارو سۆران تەواو دلّتەنگ و پەرێشان بوە.... ئەو جبار وای گێڕاوەتەوە، مەحمەد بەگۆرانی یارخەزاڵ و نامیق بە شمشاڵەکەی هەمان ئاوازی بۆ وتوەتەوە، و ئیتر دیار نەماوەو لە دەفتەرێك لێی بەجێماوە ئەم نوسینەی تیایە کەڕەنگە لەشیعر بچیّ:

خەیاڵ و عەشقم هەرزان ڕۆیی

دنیا وەك تەمەن تاڵی پێفرۆشتم

گەر نەهاتمەوە
بەئامین بڵێن
هەمیشە دووعایەك لە عشق و چاوەڕوانی بكاتە بەر بەردەڵانی
لای خۆر ئاوابوون
من دەڕۆم و
كەس شوێن و ناونیشانم پێنازانێ
تكایە بیرتان نەچم

پەراوێز:
١ ، خانەوادەیەك بوون هەموو ئەنفال كران

# ئاواز (١)

ئاوازێ ئاواز گیان ...

یادگاری بچووك چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆو یادگاری مامی بچووکی تۆیە، ئاوازێ ئەختەر بەتاسەی لەبەرکردنی کراسێکی کەتان و جووتێ گوارەی زێڕەوە دواین هەناسەی بەمشتێ لم تاسێنرا، مەرە شکێریش کەباوکی بۆی کردبوو بەنەزر دزرا، ئاوازێ ئاواز...، ئەم بەیانیە دولبەرێك لە خۆشەویستی چاوەڕێتەو مەنسوورێك خاڵی لە گووناه غەریبیت دەکا، ئاواز لە ١٤/١٤ی هەموو ساڵێکدا دێتە خەونی مەریەم و پێی دەڵێ:

من جوانم یان مانگ؟

پرسیاری جاخە لێرەکەی کولێنان دەکاو

دەڵێ: مەرێمە سپیەکەی لە خواسپی تر،

کولێنان چەن مەن سەبری پێبوو کەهەمیشە بەتەنیایی دەژیا؟

ئەو نامەیەك دەداتە دەستی مەریم و
مەریمیش بەدەم وەنەوزی خەون بینینەوە دەچێتە لای هاشم ئەفەنی و پێی دەڵێ ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە،
وەك دەگێڕنەوە نامەكە ئەم دێرانەی تیابوە:
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆووو ..شوانە دەنگ خۆشەكەی بان موورروو،
ئەرێ یادگاری مەنسووری پڕ لە سەبرت نەدیوە لێرەوە تێپەڕ بووبێ؟
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆووو..سەپانە فەقیرەكەی وەرزی خەزانی تەمەن،
تۆ گوێت لێبوە ئینجی دایكی نامیقی شمشاڵ ژەن ئەم بەیانیە لێرەوە تێپەڕ بووبێ و
هەواڵی مەرگی چیمەنی دەستە خووشكی منی باس كردبێ؟
ئەی تۆ بەچاوی خۆت بینیوتە كلاّو كوڕەیەك پڕاو پڕ دەنووكی ئاوی بۆ مەلۆتكەكەی باوشی فەرید هێنابێ و
شەهید كرابێ؟
خاڵۆی سەپان تۆ شیری دایكت وەك خۆی بۆم بگێڕەوە،
تۆ ئاگات لێیە سلێمانی كوڕی عیسا سوێندی بەسەر خەیری خواردوە ئیتر نەیەتەوە؟
مەریم كە خەبەری دەبێتەوە تائێستاش هەر دەگری و .....

پەراوێز:
١، تەنها دوو كەس لە خانەوادەكەیان لە ئەنفال رزگارییان بوو

# غووربەت (١)

غووربەت بە فاتیحی ووتبوو ڕۆڵـە دەخیلـە دەرگـای کـۆزەی سـاوە کۆرپەکان تەقەت کەو
ڕەوێڵەی جووجەڵەکانیش بگەڕێنەوە نێو بەهار بەنیەکە..
دایکە بۆ؟
ڕۆڵە ئەمڕۆ لای بەیانیەکەی بەبەردەم مەجلیسی ریش سپیانی دێدا تێپەڕبووم،
گوێم لێبوو دەیانووت ئاشووبی ئەم ساڵ سەرمان دەخوا..
بۆ دایکە؟
ڕۆڵە ئەوان دەیانووت تەنانەت قوورعانەکـەی مـەلا وەهـابیش زەرد هەڵ گەڕاوەو دەترسێ..

ئێژم دایکە ئەی دەزگیرانەکەی من؟
مەلا وەهاب لەدەرەوە دێتەوەو بانگی غووربەت دەکا:
غووربەت غووربەت غووربەت
غووربەت لە خەو ڕادەپەڕێ و
بسمیلا بسمیلا بسمیلا
چیە غووربەت ئەوە تێك چووی؟
مەلا خەونم دەدی لە خەونما جبار گۆرانی دەچڕێ و نامیقیش بەشمشاڵ لێی وەر دەگرێتەوە، ئائائا دیم فاتیح لەتە ئاوێنەیەکی هەڵگرتوەو بەشانە پرچی دەزگیرانەکەی دادێنێ، بیلا درۆ لەزاتمدا نیە قەت کوڕەکەی ناو خاسم ئاوا بە پەشۆکاوی نەدیوەو پەڕەیەك لە قوورعانەکەی تۆشم دی (با) بردی و نەهاتەوە، وەی ڕۆ مەلا ئەوە چی بوو...فاتیح بۆ کوێ ڕۆیی؟
فاتیح
مەلا
جبار
ناوخاس
غووربەت غووربەت غووربەت

پەراوێز:
١، فاتیحی کوڕی ئەنفال بێسەرو شوێنی کرد

# نیعمەت (۱)

ئەم بەیانیە پێش ئەوەی سوێسکەکان لە دووغە دووغی خۆیان بکەون و کلاو فشەنەکانیش لەبن بچکی ئاگوڵ و کلّناشك و گوێبەرخەو سوورِناتکەکاندا نووستبوون، هێشتا دەنگی دەهۆڵ و زوورِناو خرمەو زرمەی رەشبەڵەکی ئەو شەوە کاڵنەبووبوەوە، لە دووکەڵ کێشی سۆپاکانەوە دووکەڵ دەهاتە دەرو ئانگۆی سەر گیایی بەهارە پرشەی دەهات، نیعمەت سەرو ماچی منالەکانی دەکات و بەدەم خەیاڵی گوێگرتن لە ئاوازی شمشاڵەکەی ساڵەحەوە بەپەلەو تاچاو برِکا دیارنامێنێ، حیکایەتێك لەبارەی نیعمەتەوە هەیەو ئاوا دەڵێ: نیعمەت رِۆیی و نەهاتەوە، ئەو بەدوو شت هێوەر دبوویەوە یەکەمیان شمشاڵەکەی نامیق و دووەمیان شمشاڵەکەی ساڵەح، کەشمشاڵەکەی ئەو دوانەیان شکان ئەمیش دەرِواو چیمەنی کچی

نیعمـەت ئـەم نوسـینەی لەسـەر تـاوێرە بـەردێکی گـەورەی نزیـك کانیەکەی وەلی بۆ هەدەکۆڵی:

دایکم لە نووری خوا پاکترو

لەتەنیایی خوا تەنیاترو

لەمەرگی پەرژین و نەرمینی خووشکم تەنیاتر بوو..

دایکم پڕبوو لە عشق بۆ تەنیایی باوکم و

باوکم پڕبوو لە شمشاڵ بۆ تەنیایی دایکم..

وەلێ پڕنەبوون لەیەکتری و

دیار نەمان...

پەراوێز:

١، جگە لە هاوسەرەکەی دوو لـە منداڵـەکانی لـە نـوگرە سـەلمان گیانیـان لـە دەستدا

# نازەنین (١)

بۆ شکانی شمشاڵەکەی من مەگری نازە گیان، دڵنیابە هێنـدەی تـر شمشاڵەکەم وردو خاش بکەن تەنیا ئاوازی ئازاری ڕۆحی تـۆ دەژەنـێ ( سەری لەسەر ئانیشکی ئەژنۆی بەرز کردەوەو بەدەورو پـشتی خۆیـدا چـاوێکی گێـڕاو هیـچی نـەدی ( هێـوەر ببـەوە نـازەنین مـن لێـرەم) ڕاستەو پێ هەستایە پێ و هاواری کـرد تـۆ لـەکوێی( ئـەوەتام لێـرەم چۆن نامبینی) بەهەر چوار دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو هاواری دەکرد ناتبینم تکایە ( ئـەوەتام نـازێ بـیرت چـوو ئـەو ڕۆژانـەی مـن فێـری شمشاڵ ژەنـین و تـۆش فێـری سـەرەتای چـاو شـارکێی عەشـق بـووی) لەسەر چـینجگ دانیـشتەوەو ڕۆچـوە نێـو خـەیاڵێکی قـووڵ و لەبـەر خۆیەوە دەیوت: دییـەت کـوێربێ نـازە ئـەوە دەنگـی سـاڵەحی کـوڕی

حاجی بوو، ساڵەح لەژێر دەستی مامۆستای منداڵەکانی گووندا فێری نوسین و خوێندنەوە ببوو، ڕۆژێك بەنازەنینی ووتبوو ( تۆ بۆنی هەناسەی منت لێدێ و منیش هەروەها، وەلێ بیرت نەچێ تەمەنی خۆشەویستیمان کەم دەبێ و بڕواش ناکەم ئەم بەهارە پێکەوە شیرو ماستێکی تر بخۆین) ئەویش پێی ووتبوو: وەیرۆ ساڵەح چیت بیستوە ؟ (ئەوەمنم لێرەم نازەگیان) چاوی بەرز کردەوەو تۆزی رۆیشتنی ژێر پێی سالح دیاربوو..

پەراوێز:

١، شۆخێکی جوان و زمان پاراو، ئەنفال بێسەرو شوێنی کرد

# خليل (١)

فەریدە هاتبوە خەونی و پێی وتبوو خلیل رۆڵە باسی بە سەرهاتی سەرگوولێ لای کەس مەگێڕەوە، ئائا ڕۆڵە سەرگولێ بەزۆر لە باوشی منیان پچڕان وبردیان.. دوای ئەم خەونە کورتە خلیل وەك سەرگوولێ تەنیا گەڕابوەوە ناودێ ئەو هەندێ جار ترسی لەوەش هەبوو خۆفرۆشێك شوێن پێیەکانی هەڵگرێ و بیکاتە نێچیرێکی باش، وەلی هەر هەنگاوی دەناو تاو ناتاوێکیش لەبەر خۆیەوە بەڵام زۆر بەهێمنی تەنیایی سەرگوڵی دەلاواندەوە، خلیل ئەوتام لێرەم نەمامم(خلیل ئەوتام بۆنام ناسیتەوە ئەی بیرت چوو من کێم، ئەوەتام نەمامی کچەزاکەی خەدیج، ئاوڕی بۆ دواوە بدە نەمامەکەی خۆت) خلیل مووچڕکێك جەستەی دەئاژنێ وتەماشایەکی ئەم لاو وئەلای خۆی دەکاو هیچ نابینێ، دەکەوێتەوە ڕێ و دەنگێکی تر بەرز دەبێتەوە

(خليـل ئـەوەتام لیّـرە مـن سـەرگوولّم) دەنگیّكـی تـر (كوڕەزاكـەی حاجی منم دەرویّش حوسیّن ئیّژم خەزیّمی منـت نـەدیوە) دەنگیّكـی تر ((مـنم خلیل گیان حەیرانم حەیران هاتووم دنـگ وباسـی محەمـەدو ئیمان وسەلیم بپرسم،بیرت نەچیّ پیّیان بلّیّ ناوی كـچەكەم نـاوە- لم- )) دەنگیّكیتر (مـنم خەلیل خەزیّمی ئامـۆژنت ئیّژم هـیچ هـەوالّیّكی سیّوەی كچم نازانی) دەنگیّكیتر ( مـنم پـوورە نەجمـەت) دەنگیّكـیتر (كاكەبرا ئەوە دەنگوباسی عەدنان نازانیّ؟) دەنگیّكیتر (مـنم خـەلیل گیان خاتون بگەڕیّوە )...سـەگیّگ لـە پـایین دیّـوە بـە كلكـە لـەقیّن بەرەو لای خەلیل دیّ، رانـە مەڕەكـەی سـالّح و رەویّلّەیـەك جوچـكەی مەحبوب لە حەلاجەوە بـەرەو دیّ دیّـن، دەلّـە گورگیّـك لـە دووتـویّی تاتە بەردەكانی رۆژئاوای دیّدا خۆی مـەلاّس داوەو لە نیّـچیر دەگـەڕیّ، كۆترە شینكەیەك بۆ تۆزیّك ئاوی پاك دەگـەڕیّ، مامزیّـك بـە پەلـە و پڕتاو خۆی دەكا بـەناو دیّـدا، لـە نیّـوان خـەیالّ و راسـتیدا تارمـایی نامیق دیّتە پیّشـچاوی خـەلیل، لـە پڕیّكـا دیـار نـامیّنیّ و لـەدوورا هاوار دەكا (وەیلیّ كاكەبرا چـۆن هاتییـە ئیّـرە، بگـەڕیّوەو بـە ئـەوان بلّیّ چاوەڕوانی ئیّمە نەبن)

پەراویّز:

١، تەنیا خۆی لە خانەوادەكەی بە جیّماوە لە بەردەم پەلاماری ئەنفالدا

# ئافتاو (١)

**ئافتاو تەنیا کچێك بوو،**
**دەیزانی بۆنی کچێتی خۆی بەدەم مەلاسەی جەلادەوە دەبینێ و**
**پیرًاناگا بە حەلاوی دایکی بلێ،**
**ئیتر نامەوێ مانگ بە درۆ دلداریم لەگەل بکا:**
**ئەو کچەی ناوی ئافتاو بوو،**
**دەیزانی رۆژێك خرمەو زرمەی ژێرپێی پۆستاڵ لەپێکان و**
**هەرەشەی شمشێرەکەی وەقاس،**
**تکتك کچێنی دەتکنێننە بیابان:**
**ئەمشەو بە بێداری مامەوە و تەیا بیرم لە ئەفتاو دەکردەوەو،**

ئاخر ئەو رۆژێك کە بەفری سوور لەدێکەماندا باری، پرسیاری هەمە چەشنی دروستکرد و وتی: ئەمە نیشانەی تورەیی سرووشتە لێمان، تەنیا مەلای گوند لەم قسەیە حاڵی بوو، وتی: هێدی بە کچم، ئافتاو لەو رۆژەوە نەهاتە ناو دانیشتنەکان و لە نامەیەکدا بۆ منی نووسی (ماڵئاوا)

پەراوێز:

١، خۆی و شەش خوشکی ئەنفال کران

# ڕێزان

شوكری بەدەم گریانەوە دەیوت:

دەگەڕێنەوە سەربازێك بەڕێزانی وتبوو: ڕێزەیەك لە جوانی خۆتم بدرێ، هەموو دنیات بۆ دێنم، ڕێزانیش وتویەتی من دەزگیرانی خوام و دەتوانی یارمەتی لە ئەو بخوازی، ئەفسەرێك بەم حیكایەتەدەزانێ و بە ڕێزان دەڵێ: من خوام و ڕێزان دیاری نامێنێ، مەنیج حیكایەتی لەبارەی ڕێزانەوە بەم شێوەیە بۆی گێڕاومەتەوە:

ڕێزان هەمیشە دەگریاو ژێر نەدەبوویەوە، كە لێمان دەپرسی بۆچی دەگریت، دەیوت نازانم، شەوێكیان ئێمە خەریكی كفن دوورینی داپیرەم بووین و ڕێزان خۆی كرد بەناوماندا و وتی: هەر ئێستا..پاسەوانی بەردەم زیندانەكە، ئەوەی وا ئامین بۆ قومێ ئاو بۆ

منداڵەکەی زۆری لێ پاڕابووە، بەڵام نەیدابوویێ و بە نینۆکەکانی چاوی ژیانی هەڵکۆڵێ، ئاواتیتش ئەم بەیتانە بەسەر تەرمی مەرگی منالّەکەی ئامین و چیرۆکی هەڵکۆڵینی چاوی ژیاندا دەوتەوە..

بێ عێل و بێ کەس لەسەر تەتەشۆر
مەرگی ئازیزان ژیان و ناسۆر
دەردم کارییە گەردوون هاوارێ
رەنگمان پەڕیوە هەمووومان بە جارێ.

پەراوێز:

١، هاورێی قوتابخانەم بوو ئەنفال بردی

# فارس (١)

**ئەو مۆڤێکی سپی بوو،**
**وەك سپێتی روحی خۆی، گەورە بوو،**
**ناوی فارسی کوڕی عەبدوڵا بوو...**
**دوای ونبوونی فارس لە(نەهێ)م پرسی:**
**فارس عیشقی چی بوو؟**
**ئەویش لە وڵامدا وتی:**
**کلدانێك پڕ لە سوورمە...**
**ئیتر؟**
**..........؟**

**پەراوێز:**
**١، ئەنفال بردی**

# فەسیح (١)

تەرانژگە بەردێکی هەڵگرت و لەسەر باسکی ناوی نوسی (فەسیح مجید عزیز) دانشتووی مەملەکەتی وەکاشە.... باوکی فەسیح لەرێگای نەوارێکەوە چیرۆکی فەسیحی بۆ گێڕاومەتەوە و دەڵێ پەخشان ئاوا باسی بۆ کردووم:

مامە چاوم کوێر بێ نەمتوانی ئەو قوومە ئاوەی پێبگەیەنم کە تا دوا هەناسەی ئەڵهای کرد، ئەو پێش ماڵئاوایی ووتی: بەباوکم بڵێن گوارەیەکی زیوی دایکم و دەستەخوردەکانی نەنە نەجمەم لەناو باخچەی بەردەم بیرەکەی علی مردوودا شاردوەتەوە، دەستم دامێنتان بەحمە ئەمین بڵێن وورده شووشەی ئاوێنە شکاوەکەی باخەڵی سووخمەکەم بۆنەوەیەکی تر هەڵگرێ و قەتارێك لەرەنگی بزرکاوی کچێنیم بچرێ، ئابیرتان نەچێ بە نامیق بێژن شمشاڵێ بۆ خوڵقی تەنگم بچرێ، بیرتان نەچێ ئەم نامەیە بگەیەننە گومەزی مزگەوتەکەی ئاوایی :

ڕەنگە ئیتر وەك سەرەتای نوێژی فەرزو سوونەتەكان نەپەرستم..
چوون تۆ نەتتوانی وەك خۆم بێگووناهـ بملاوێنی و
نەتتوانی لەڕۆژی شكانی كچێنی منا بەزۆر،
نامەیەك بۆ خوابنێری و
پێی بڵێی بێدەنگیت هەتا كەی..
بە نەزیر بڵێن وەم دووچاوەی خۆم سۆزم بەدەم قەپاڵی سەگێكەوە دی و
مەمكدانەكەی خۆمیش بەدەم لوولەی تفەنگی جەلادێكەوە جێما..

فەسیح فەسیح ففففففففففففسسسسییییییح

پەراوێز:
١ ، خۆی و دووبراو سێ خوشك و دایكی لە ئەنفالدا بێسەرو شوێن كران

# فانۆس (١)

(ئەیە چۆیە فانۆس دایم و دەرەم ئـەگیریت، بەسـە بـەس وەنـاوخوا ئیمڕۆ نابەیانی هەرتێنـەوەو وەیـەکتر شـاو شـوکر ئەوینـەوە)... قـەدەم خێـر کەبەڕێکـەوت بێـرەدا تێپـەڕببوو، ئەمـەی بـە فانۆسـی لـە خـوا تەنیاتر ووتبوو، فانۆسیش لێی چڕیبوو قەدەم خێر قەدەم خێر مـەڕۆ ، ئەمە نامەی جوانەیە بیوە بۆ لای خوێنەواریٚ بزان چی نوسـیە، قـەدەم ئەمـەی گـویٚ لـیٚ دەبـیٚ و دەگەڕێتـەوە، نامەکـە دەباتـە لای هاشـم ئەفەنی و تکای لێدەکا وەك خـۆی بیخوێنێتـەوە، دەقـی نامەکـە وەك خۆی:

دایکی گەورەم فانۆس

دەستەکانت ماچ دەکەم

تکایــە چــاوەڕوانی مــن مەکــەن و بــە هــەناریش بێــژن کراســە کودەرییەکەم بۆ ئەو..
کچی خۆت جوانە

پەراوێز:
١، خۆی و کورێکی ئەنفال کران

# نەزیرە (١)

پـێش ئـەوەی لـەماڵ دەرچـن نـەزیرە بـە خونـچەی ووتبـوو : کـچە جوانەکـەی دایکـی دەم و چـاوی خـۆت بـەناخوێن هەڵـدڕە، بازنـەکان لەمەچەکت دەرکەو ئەو کراسە ئاورێشمیەش لەبەر داکەنەو ئەو کراسە قەدیفە ڕەشە لەبەر بکە، خونچە گیـان دوێنـێ شـەو بـەدەنگی دایکـم وەخەبـەر هـاتم، ئـەو لەخـەوما پێـی ووتم(   کاکـەت غفـوور بەسـەر ڕچەڕێی باخەسەندا بەرەو ئێرەدێ، نەزیرە ڕۆڵە خۆ شێت نـەبووم پێـژم بەشـکو هـەواڵی کاکـە خورشـیدتی هێنـابێ  ئـاخر ڕۆڵـە تووخـوا خورشید مـەزلۆم بـوو، ئـەو لـەدارەی دنیـا لـە غەسـان زیـاتر شـکی نـەدەبرد ، ئـەوەتا نـەزیرەگیان جامانەکـەی لـە ملـی پێـچاوەو نزیـك بوەتـەوە، ڕۆڵـە شـەرتبێ هـەواڵی خورشـیدی پێبـێ کراسـێکی چـاوە چۆلەکەت بۆ بکەم و کەمەرەیەکی زیویش بۆ ڕۆژی زەماوەندی دیاری

کردنەکەت بێنم) ... خورشید پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکا بە دایکی وتبوو، دایە ئیتر من نابیننەوە، ئەویش لێی پاڕابوەوەو ووتبووی :

کورەڕ شرینەکەم هێشتا سەیوان منالەو ناتوانێ بەناوی باوك بانگت بکا،

ئاخر هێشتا زووە بۆ ڕۆیشتن و پەلە مەکە..

ئەو خورشید لەچاو وون ببوو،

خەڵکی ئاوایی گشت هاتبوونە دەر...

ئەویش هەرهاواری دەکرد مەڕۆ خورشید مەڕۆ ڕۆڵە،

نەزیریش لە خەو ڕادەچەنێ و خونچەش باوشی پیادەکاو

چیە میمی گیان ئەوە بۆ ڕەنگت تێك چوە؟

پەراوێز:

١، سێ براو دووخوشکی ئەنفال کراون

# کوێستان (١)

کوێستان هەردوو باسکی خۆی داخ کردبوو، ئـەو پـێش ئـەوەی لـە گووند وەدەربن، بە باوکی وتبوو: باوکە مامە سلێمان کـەی دێـت بـە پیرمانەوە؟ باوکی پێی وتبوو: رێکە باوکە مـشوارێکی تـر.. کوێـستا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: باوکم قارەمانێکی دۆڕاو بـوو، چـونکە نـەیتوانی من و ئەختەری خۆشك لە چنگی جەلادێك دەربێنێ و ئەو وەك ئـەوەی هەست بکات قارەمانێکی دۆڕاوەو هیچی پێناکرێ، بـۆ دواجـارو بـۆ یەك چرکەش سەری هەڵنەبڕی و نەیتوانی بە دواتیلەی چـاو تەماشـای ئێمە بکات.. ئێمەش تەنها ئاوەسـی کراسـە ئەنگۆرەکـەی گوڵـستانی دایکمــان توونــد گرتبــوو.. روومــەتی دایکــم لــە شــوێن نینۆکەکانی خۆیەوە تك تك خوێنی لێدەچۆڕا.. دایکم بە چـپەیەك بـە

حـەلاوی(٢) ووت: باوانـت شـێویٚ نـاموس و حەیـسەتمان تـك تـك تکان، ئەوە بۆچـی پـیری قەرەچـێواریش(٣) بـە ئـاهی هەناسـەمانەوە نـەهات؟ ئـاڵتوون (٤) بـە نێـو ئـاپۆڕای خەڵکەکـەدا خـۆی گەیانـدە دایکم و وتی: گوڵستان باوانت برمێ بـە بەرچـاوی خۆمـەوە ئاوێنـەو شانەکەیان لە گیرفانی جەبار دەرهێنـاو شـکاندییان، وەقوورئـان وەی چاوانەی خۆم دیـم شمـشاڵەکەی نامیقیـشیان شـکان و وردو خاشـیان کرد.. تۆ ئێژم ژنە کۆسکەوتەڵەکە چاوەڕوانی چـیت؟ کوێـستا دەڵـێ: جەلادەکە نزیکتر دەبـۆوەو وەك ئـەوەی بیـەویٚ بـە مـن بڵـێ، ئاوەسـی کراسەکەی دایکت بەردەو تـۆ غـەنیمەیـەکی گـەورەی بـۆمن.. منـیش زریکاندم و ئیتر ئاگام لە خۆم نەما.. لەوێوە مـن بـووم بـە کـچی لم و کچێنیشم تێکەڵ بە لم بوو..

پەراوێز:

١ ، کچە مامی نووسەرەو ئەنفال کراوە.

٢ ، دراوسێی ماڵی کوێستان بوو لە نوگرە سەلمان گیانی لە دەستدا

٣ ، یەکێکە لە تەریقەتەکانی شێخایەتی و خەڵك زۆری بڕوا پێ بوو

٤ ، لەگەڵ گوڵستان و کوێستان ئەنفال کران

# زەکیە (١)

**ئەوکاتـــەی رەوەکوولـــەی ئـــەنفال گەیـــشتەگوندو زەکیـــەو دەستەخوشکەکانی رۆیشتن و نەگەڕانەوە، سێبەری سەکۆکانی ئێواران بێبـــۆنی رەیحانـــەی تـــەڕ مانـــەوەو کـــەس نـــەما، بـــۆنی بـــەرکوڵی عەسرەچایەك بگەیەنێتە مەجلیسی پیـاوە ریـش سـپییەکان.. زەکیـە پاش بیست ساڵ ئەم نامەیەیی بە رێگای ناسنامەیەکدا، ناردبۆوەوە:**

**بۆ نیشتمانی پڕ لە قارەمانی دۆڕاو..**
**لە پێشەکی قەسیدەکەیدا نووسیبووی،**
**تەنها خوا بۆی نییە ئەم نامەیە بخوێنێتەوە..**
**من لە بێگووناهیدا،**
**سپیایەتیم لێدەباری..**

بۆ لەم لمستانەدا،
بە لم غوسڵی لەش پیسیم بکەم و
بە لمیش دەت نوێژە بگرم و
تەنانەت خوێنی ئاڵی کچێنیشم،
بە لم بسپێرم..
خودایە گووناهم نەبوو،
تا تۆ جاڕی هەڕاجکردنی من بە لم بسپێری و
بە جەلادی عەرشی لمیش بڵێی،
تۆ سەرپشکی بە سەوداکردن بە زەکییەکانەوە..
دایکم چ گووناهێکی کردبوو،
کە هەواڵی تاساندنی منت پێنەوت و
پێتیش نەوتم،
ئەڵقەی دەزگرینداریيەکەم،
لە کوێی ئەم بیابانە دزرا..
تۆ پێت نەوتم،
ئافتاوی دەستەخۆشکم،
کوێوە چوو؟
ئایا لێرەیە؟
لەم ماڵە پڕ خوێنەی تەنیشتی من؟
هۆۆۆۆۆووو،
خەڵکی گووند کێتان دەنگم دەبیستێ؟

کەس پرسیار نەکا لە کوێم..
تەنها هاتووم پێتان بڵێم،
بۆنی ناسنامەکەم بکەن،
ئەو پێتان دەڵێ:
من تازە نایمەوە زەکیەیی جارانی گووند..
من تازە ناتوانم ڕەیحانەکانی سەکۆی بەر ماڵەکەمان ئاو بدەم..
من تازە ناتوانم بچم بۆ کانی کلاّو کوڕەو
پڕ مەتارەیەك ئاوی پاکبوونەوەی،
یەکەم شەوی بە غەدرشکان و ڕژانی خوێنی کچێنیم،
بێنمەوە..
من تازە ناتوانم،
کل و کلدان...،
لە گەڵ دەستە خوشکەکانم بگۆڕمەوە..
بیرتان نەچێ بە دەزگیرانەکەم بڵێن،
با لەوەزیاتر چاوەڕوانی من نەبێ..
بە دایکیشم بڵێن،
با ڕەیحانەکانی سەرسەکۆی بەر حەوشە ئاوبدا،
چوون من نایەمەوە..
بە پێغەمبەری خواش بڵێن،
پێویستم بە پاڕانەوەی ئەو نییە،
چوون گووناهەکانی عەبدایەتیم بۆ خوا،

لێرە هەموو وەرین..
بە قووتابییەکانی نامیقیش بڵێن،
تا ئەتوانن شمشاڵ بژەنن،
چوون نامیق ناگەڕێتەوە..

پەراوێز:
١، تەنها کچی خێزانەکەی بوو، لە ئەنفالدا بێسەرو شوێن کرا

# شوكريه (١)

(من به منالّيش شوكريهم خۆش دەويست) ئەمە قسەی يەكێك له هاوپۆلەكانی شوكريه بوو.. شوكريه كچی سێيەمی خێزانەكەيان بوو.. هەميشه ئارەزووی دەكرد، كراسی ئەنگۆرەی تەختە سپی و گوولّ هەناری لەبەربكات.. زۆرتريش كەيفی به هاوڕێيەتی هاوپۆل و هاوساوەلاوانەكانی دەهات تا كچان.. ئەمەش زۆر جار وای لێكردبوو، پێی بلّێن كوڕانی.. ئەو هيچی لیّ بە جێنەما.. تەنانەت يادەوەرييەكانيشی له گەل ˇ خۆی له بوخچەيەك نا،و بردی و نەگەڕايەوە.. باوكی له باسی شوكريەدا، دەلّیّ:

ئەو هەموو شەوێك دێته خەونم و دەلّیّ:

باوكه بۆچی ڕەشبەلّەكی دیّ،

وەك جاران دەنگی دهۆڵ و زوڕنای لێنایە..
ئەو یاخەم بەرناداو دەڵێ:
ئایا نامیق وەك جاران،
شمشاڵ بۆ هەمووان دەژەنێ؟
ئەو پرسیاردەكات و دەڵێ:
بۆچی وەك منالّی نامگریتە باوش و
نوقڵی توورش و شرینم بۆ ناكڕیت؟
ئەو دەڵێ:
ئایا كوڕەكەی هاوڕێم،
وەك جاران خۆشی دەوێم..
من.......

١، بێدەنگترین و هێمنترین كچ بوو لە نێو هاوڕێكانیدا

# سوعاد (١)

مام خورشید (٢)، له هەموو ئینسانەکانی گووند فەقیرتر بوو، ئەو لە خۆشەویستی و ڕێز زیاتر هیچی نەدەزانی.. لە نووکتەو قسەی خۆش زیاتر پەی بە هیچی تر نەدەبرد.. ئەو کە نینۆکی کەسێك لە گووند ئازاری پێگەیشبا، لە جاریٚ زیاتر دەچوە هەواڵ پرسینی.. گووند بە مام خورشیدەوە جوان بوو.. خۆیشی پەیتا پەیتا دەیوت نا خورشید بە گووندەوە جوانە.. سوعاد کە یەکێك بوو لە کچەکانی مام خورشید، پێش ئەوەی گووند بە جێبێڵن بە باوکی وتبوو: ئاواتی خوشکم دەڵێ خەونم دیوە ئەترسم ئیتر لە گەڵ خەڵکی گووند یەك

نەبینینــەوە.. مــام خورشــیدیش راچــەلەکینێکی نــاوەختی بــۆکردو سوعاد کچەکەم ئەوە چیت ووت؟ هیچ باوکە باسی خەونەکـەی ئـاواتم کرد.. ئا باوکە ئەو دەیوت: بـاوکم وەك رۆژەکـانی تـر ئاسـایی نییـەو شڵەژاوە.. ئیێ باوکە راستیش دەکات، چـونکە تـۆ رۆژانـی تـر ئێمـەت فێـری دارا دوو داری دی دەکــرد..و بــەردەوام باســی چــیرۆکی ئــەو کلاّوکورە فەقیرەت بۆ دەکـردین کـە نـابێ بێـچوەکانی ئـازار بـدەین.. کەچی ئێستا چاوەکانت چوون بە قووتاو سمێڵە ماش و برنجییەکەتیش پێناکەنێ و موەکانی گـرژ بـوون.. تەنانـەت ئـەم ئێوارەیـە ماچیـشت نەکردین.. ئەڵێم باوکە بـا تۆزێـك بـچینە سـەرتەپەی نـاودێ.. وابـزانم ئەوە دەنگی لەرینەوەی شمشاڵەکەی نامیقە دێ.. ئا باوکە توخـوا یـەك تۆز بڕوابکە زۆر نزیك دەنگی دێ.. وابزانم ئەم جارەش وەك جارەکـانی تر هاتوەتە قەورە شەهیدەکەو رەنگە بیەوێ بە شمشاڵەکەی هـەواڵێکی خۆشمان پێبڵێ.. چیت ووت باوکە بڕۆین؟

دەنگی شمشاڵەکەی نامیق نزیکتر دەبێتەوەو سوعاد زیـاتر ئـارامی لەبەر دەبڕێ.. ئاواتیش خێرا خێرا بە سـوعاد دەڵـێ: سـوعاد سـوعاد ئــەوە دەنگــە دەنگــی خەڵکــە دێ.. ســوعاد گــوێم لێبــوو ئــەیانوت ئەمشەو ئەبێ لە گوونـد دەربـچین.. دوای ئـەوەی لـە رێگـادا لەیـەکتر دابڕابوون، مام خورشید هەواڵێکی بۆ سوعاد ناردبوو، ببـورە کـچی خۆم نەمتوانی بۆ تـەنیا یـەکجاری تـر ماچـی هەناسـەی چـوون بـەفر سپیتان بکەم..سوعاد کە لە خەو رادەپەڕێ تەماشایەکی چـوار دەوری

خـۆی دەکـات و بــە هەناســەیەکی ســاردەوە لــە بــن میــچی خــانوە قوڕینەکە دەڕوانیّ..

پەراوێز:

١، دوای شەش مـانگ لە زیندانی نوگرە سەلمان هاتنەوە

٢، باوکی سوعـادو ئاوات بوو

کچە گەورەی مـام خورشید بوو

# ئاسكە (١)

نادر(٢) بە دەم ڕێوە وتبووی دایە ئاسکە تەنها شتێك کە هـەمبێ، دەتوانم پڕ بە هەستم ماچی دەستی تۆبکەم و بـڕواش ناکـەم جـارێکی تـر بتبینمـەوە.. ئاسـکەش وەك لـوتفی دایکایـەتی خـۆی و پیـشەی هەمیشەیی، وتبووی: وتبووی نادر گلارەی دیبیەم، قسەی وا مـەیـەژە.. چـونکە تـۆ خـۆت ئـەزانی مـن لـە هـەموو منالـّەکانم زیـاتر خۆشـم ئەوێی.. نادر وەك ئەوەی ئاگاداربێ لـەوەی دایکـی نابینێتـەوە توونـد توووند بۆ یەکم جارە پڕ بە تاسەی دایکایـەتی ماچـی دەسـتی دایکـی دەکات و فرمێسکەکانی دایکی دەکەوێتە سەردەستی و بێئاوڕدانـەوە لە پاین دێوە دەردەچێ.. لەم کاتـەدا مەجیـدی مێـردی ئاسـکە خـۆی دەکات بە حەوشەداو هاوار دەکات هۆ ئاسکە هـۆ ئاسـکە ئـەوە نـادر بۆ کویێ ڕۆی؟

هیچ وڵامێك نییە.. ڕووخساری دێ دەبێتە تاریكستان.. ئاسكە بۆ دایكی نامیقی شمشاڵ ژەنی گێڕابوەوەو وتبووی: نادر شەوێك هاتە خەونم و دەیوت:

بۆچی هێلاتان ئەو جەلادە،
ئەڵقەی پەنجەی دەزگیرانەكەی من،
بشكێنێ و تاڵ تاڵ پرچی دەسكەنە بكات..
بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە،
كراسەكەی بەری دەزگیرانەكەی من،
بدڕێنێ و
مێخەك بەنەكەی گەردنی بپڕێتەوە..
بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە،
سۆتكەی گیرفانی سوخمەی دەزگیرانەكەی من،
فڕێداو
ناو دەمی پڕ لە لیكی قەباحەت بكات..
بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە،
نامەكانی دڵی من بسووتێنێ و
بە سواری عەرشی عرووردا،
غار بدا،
بۆ بەتاڵكردنەوەی شەهوەتەكانی..
دە مەهێڵە دایكە،
ئەو جەلادە،

ئەوەتا تریقەی پێکەنینە ناشرینەکانی،
تەواو وەڕەسییان کردووم..
دایکە من تەواو،
ئیتر هەست بو بوونی خۆم ناکەم..
دایکی نامیق سیخۆرمەیەکی سراواندە ئاسکەو
پێی ووت: ئەوە چیتە ئاسکە..
لە گەڵ تۆمە چیتە ئەوە..
هۆ نادر هۆ نادر..
گلارەی دییەم..
تۆ لە کوێی.........

پەراوێز:

١، دانیشتووی گووندی وارانی بوو

٢، کوڕی ئاسکە بوو لە دووزخوورماتوو شەهیدکرا

# خورشیده (١)

دانیـشتوانی گوونـد بـه خورشـیدەیان دەوت پەپولـەی بێـزەواڵ.. خورشیدە لە سپی سپیترو لە خۆشەویستی گەورەترو لـە بێگونـاهیش گوناهتر.. لە کلاۆفشنەش فەقیرترو لە یەکەم شەوی بـوکێنی خۆیـشی بێکەستربوو.. ئەو بە تاریقی (٢) وتبوو، هەناسـەی دایکـی.. مـن لـە لێواری رووباری ئاوەسـپیدام و پوزەوانـەکانی تـۆ دەشـۆم.. نـاوی دڵـم بیرت نەچێ کە رۆیشتی بانگێك بکەو مـن لـەوێم.. ئەوسـاو ئێـستاش تاریق بانگ دەکات و کەس گوێی لێنیە..

پەراوێز:

١، ژنێکی هەژاربوو ئەنفال بێسەرو شوێنی کرد

٢، کوڕی خورشیدە بوو لە بەرگری گووندەکەیان لەبەرامبەر ئەنفال شەهید بوو

# خەزاڵ (ا)

**خەزاڵ خۆشەویستی نادربوو.. تا ئەم ساتەش کەس نازانێ خەزاڵ چی بەسەرهات و لە کام بیابان سەری نایەوە.. دوای خەزاڵ ئەم قەسیدەیە نوسراوەو دەماودەم دەگێردرێتەوە.. دەشڵێن گوایە نادر ئەم قەسیدەیەیی نوسیبێ..**

**کچێك بوو لە دەرەوەی بازنەی خوداوەند..**

**عەشقێك بوو تەنها لە خۆی دەچوو..**

**حیکایەتێك بوو کەس نەیگێڕایەوە..**

**قەسیدەیەك بوو هێشتا نەنووسراوە..**

قارەمانی رۆمانێك بوو،
کەس نەیهێناوەتە ئاخاوتن..
ئەو هەموو جار بە نادی دەوت:
لە هەرجێگایەك منت لێوون بوو،
بە زمانی یەکەم ژوانی عەشق بانگم بکە،
لەوێ دەبم..
ئەو هەموو جار فیشەکدانەکەی،
نادری پڕ دەکرد لە عیشق..
بەردەوام گیرفانەکانی نادر،
بۆنی مێخەك و بەیبونەکانی،
خەزاڵی لێدەهات..
ئەو هەمیشە تەنهایی نادری پڕ دەکر لە بوون..
ئەو شێتانە هۆگری نادربوو،
نادریش بە هەمان شێوە..
ئەو لە سەر مازووخ و
لە سەر هەموو بەردێك،
ناوی نادری هەڵکۆڵیبوو..
نادرو خەزاڵ،
دوانەی قەدەرێك بوون، هێشتا زوو بوو،
چیرۆکی دابڕانیان دەست پێبکات..
لە زەماوەندێکدا نادر وتبووی خەزاڵ....

**خەزاڵ نەیهێڵابوو،**
**قسەکەی تەواو بکات و**
**وتبووی ئارامبگرە،**
**هێشتا ئەستێرەکان نەنووستوون..**

**پەراوێز:**

**١، پێش شەهید بوونی نادر ئەنفال خەزاڵی بردو نەگەڕایەوە**

# شەوکەوت (١)

شـەودرەنگانێك لـە ماڵـە قورِینەکـەی هـاتبوە دەرو بـە گـاکۆڵکیٚ خۆی گەیانـدبوە کـەپرە بـە ژاژ چـنراوەکەی خـەیری(٢).. خـەیری کـە شەوکەتی بینیبوو، وتبووی بسمیلا بسمیلا شەوکەت ئەیرِۆ هیچ بـوە وا بەم تاریکە شەوە هاتوویە ئێرە.. ئـەویش وتبـووی: خـەیری دەخیلـە ئەژنۆم شکاوە، ییێـژن شـنۆی (٣) تاقانـە کـچەکەم لـە عـەرەبـستانەوە کاغەزێکی ناردوەتەوەو خۆ ئەزانی وە غەوز گەیلان من چاوم کـوێرەو نـازانم هـیچ بخوێنمـەوە.. ئـیٚ خـەیری وتم بـا وەیەکـەوە بـچین بـۆلای کورِەکەی (٤) نیعمەت، بۆ خوا بۆم بخوێنێتەوە.. حەپە حەپی سەگەلی ناودیٚ.. واقە واقی چەقەڵ و رێـوی.. لـە گـەڵ دەنگـی پیێـی رۆیـشتنی

شەوکەت و خەیری، بەرەو ماڵی نیعمەت زۆرتر دەبوو.. کە گەیشتنە دەرگای ماڵەکەی نیعمەت، لە ترسی سەگە هەوشارەکەیان یەك دوو مستە کۆڵەیان سرەواندە ئەو خانوە قوڕینەی نیعمەت و هەرسێ منداڵەکەی تیای دەنووستن.. نیعمەت راپەڕی و بە ترسەوە (ئەوە کێیە)؟

هەردووکیان بە جووتە وتیان نیعمەت کچم ئێمەین خەیری و شەوکەت.. بویم وەسیاقەت با سمایل ئەی کاغەزەمان بۆ بخوێنێتەوە.. شەوگار لە نێو تاریکی خۆیدا پلی دەخوارد.. بۆنی بجە تەروەکانی خڕە بەردینەکەی لاتەنیشت ماڵی نیعمەت دەگەیشتە ژوورەوە.. شەوکەت و خەیری و نیعمەت بە هیواشی قسانیان دەکرد.. سمایل کە بەرێکەوت لە دەشتی کاکی بە کاکی عەر عەرەوە گەڕابوەوە، وەك نێچیری بریندار وابوو، وەئاگاهات.. سمایلیان تێگەیاندو ئەویش بەدەم خەوە نوتکەوە دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد:

شەوکەتی خێر لە خۆ نەدیو..<br>
تۆ ئیتر ناتوانی کراسی جەرسەی مۆر،<br>
بکەیتە بەری من و<br>
باوکیشم شەوێك هاتە خەونم و ووتی:<br>
بە دایە بڵێ،<br>
بە تەمای ئەوەش نەبێ،<br>
لە قیامەت یەکتر ببینینەوە..<br>
ئاخر کچەکەم،

ئێمە من و نامیق و شمشاڵەکەی،
قیامەتمان لێرە،
لە گەڵ دوا ترپەی دڵی خۆمان بە ڕێکرد..
دایە باوکم بیێژی،
شانەو گوزگییەکانی باخەڵمانیان گشت دزی و
دەنك دەنك،
دانەی تەسبیحەکانیان شکاندین..
باوکم زۆر کلۆڵ بوو..
شەوە گیان باوە ئەیوت،
بە دایە بڵێ:
تەریقەتی هیچ شێخ و مەشایەخێك نەپەرستیێ،
چونکە ئەوان نەیانتوانی،
نووشتەی پاکبوونەوە بۆ خۆشییان بکەن...
نوێژ مەکەن،
چونکە نوێژەکانمان بەتاڵ بوون لە گووناه..
دایکە من نازانم،
کێ ئەم نامەیە دەگەیەنێ..
چونکە ئێستا من خۆم نیم و پڕ بووم لە نامۆبوون..
بەلاّم بیرت نەچێ،
هەموو ڕۆژێك قاپلەمەیەك ئاو،
بکەرە بنی گۆزەی سەوڵەکان و

پێیان بڵێ،

من دوورم دوور زۆر دوور لەوان..

پەراوێز:

١، تەنها کچ و کوڕێکی بوو لە ئەنفالدا بێسەروشوێن کران

٢، تەنها خۆی لە ئەنفال ماوەتەوە

٣، کچە ئەنفال کراوەکەی شەوکەتە

# گوڵە باغ (١)

**جەلادێك رۆشتبوە سەر رێگای گوڵەبخ و پێی وتبوو:**
**شەوێك لە جوانی خۆتم بەریٚ،**
**دەتگرمە زێڕو**
**کۆشکێك وەك جوانی خۆت بۆ دروست دەکەم..**
**گوڵباخیش پێی وتبوو،**
**کوڕی سەگ،**
**مەرگی تۆو**
**پاشان شەوی مەرگی من،**
**بۆ پرسەی مەرگی تۆ..**
**ئیتر گوڵباخ وون دەبیٚ و**

سەوسەنی دایکی،
وێڵی دوای دیتنەوەی دەبێ..
تا دواجار ساڵەحی هاورێی نامیقی شەمشاڵ ژەن،
دەچێتە خەونی سەوسەن و
پێی دەڵێ:
گوڵەباخ بوو بو دار عەنبەرو
لە بیابانی عەرعەردا،
رەگی ئاهی هەناسەکانی تاساوەکانی،
تادێ بە خاکدا رۆدەچێ..

پەراوێز:
١، خێزانەکەیان بیست کەس بوون هەموویان ئەنفال کراون.

# ئاوات (١)

ئاوات كچی ئەو پیاوە فەقیرە بوو كە نەیتوانی وڵامی پرسیاری سوعادی كچە ناوەنجییەكەی بداتەوەو نەیپەرژا دواماچی بەر لە فیراقیان بكات..ئەو تەنها ئەم نامانەی لە عەرەبستانەوە بۆ كوردستان ناردەوە:

**نامەی یەكەم**

پەریزاد لێرە مردو

نەمانتوانی تێر بۆی بگرین

**نامەی دووەم**

نەنە حەلاو ئەو جەلادە

به دار حەیزەرانەکەی دەستی
چاوی پەیرزادی تەقان و
هەناسەشی لاقە کرد

## نامەی سێیەم

من چیرۆکێکم لەبەرە
کەستان نایزانن
بەڵام ئێستا نا
لە دەرفەتێکی تردا
بۆتانی دەگێڕمەوە

## نامەی چوارەم

دایکە توو گەورەیی خوا
کە بە ئاهی هەناسەمانەوە نەهات
باسی بەسەرهاتی من بۆ جوتیاری دەزگیرانم
مەگێڕەوە

## نامەی پێنجەم

شێرزاد من لێرەم
ئەگەر هاتی بۆ ئێرە

بیرت نەچێ
لەتێك ئاوێنەم بۆ بێنە

**نامەی شەشەم**

مەجید پێم بڵێ
نامیق ئێستاش
شمشاڵ دەژەنێ

**نامەی حەوتەم**

نەنە شەمە
من لێرە خۆشم
ناناسمەوە

**نامەی هەشتەم**

بۆ مەلا رەحمان
پاش سلاڤ
ئەرێ زەحمەت نەبێ
پەڕە دراوەکانی قورعانەکەت
کۆکردەوە

**نامەی نۆیەم**

**بۆ حمە جان**
**بیرم دێت**
**بە تۆیان دەوت شێت**
**ئێستا لە کوێی**

**نامەی دەیەم**

**من ناتوانم بێمەوە**
**ئاخر من پڕ بووم**
**لە سووتان و نامۆبوون**

**پەراوێز:**
**١، دوای شەش مانگ لە زیندانی نوگرە سەلمان هاتەوە**
**٢٠٠٦ -٢٠٠٧**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

- لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی یەکەم ١٩٩٩
- بە پەراوێزی ئەنفالدا بەرگی دووەم ٢٠٠٦
- لە پەراوێزی ئەنفالدا بەرگی سێیەم ٢٠٠١٠
- لە پەراوێزی ئەنفالدا بەرگی چوارەم ٢٠١١
- پڕۆژەی شکاندنی بێدەنگی ئەنفال، دیدار، ٢٠٠٨
- حیکایەتەکانی ئەنفال، شیعر، ٢٠٠٤
- سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون، دەقی کراوە، ٢٠٠٩
- سووتان، دیوانی شیعر، ٢٠١٠
- سەپەرشتی پڕۆژەی (١٠) لەسەر ئەنفال، ٢٠١١
- ئیسلامی سیاسی لە نێوان تیرۆرو دیموکراسیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٩
- ئیسلامی سیاسی و پرۆسەی توندوتیژی، لێکۆڵینەوە، ١٩٩٧
- حزب، خەڵك و پرۆسەی سیاسی، کۆمەڵە ووتار، ٢٠١٠
- ووتار، بابەتی سیاسی، ٢٠٠٩
- بزووتنەوەی رزگاریخوازی و دیموکراسی، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤
- پەڕەیەك لە عومری هیچ، شیعر،١٩٩٤
- پڕبوون لە ئاو، شیعر، ٢٠٠٥